دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١١، یەکشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

**نامەی سپاس و پیزانینی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات**

**پاش دەربڕینی پشتگیری و پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەلایەن بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکی تایبەتدا پیزانینی خۆی بۆ ئەم هەڵوێستە دەربڕی.**

دەقی نامەکە لە لاپەڕەی ٢




ڕاسان، هۆکاری سەرەکیی سپا بۆ...

٤



شەڕی کورد و نەیارانی شەڕی...

٧



لاوازکردنی ئێران لە پێناو...

٩



مستەفا هیجری: نابێ چاوەڕوان بین کە...

١٠

# داگیرکردنی کەرکووک بە دەستی حەشد و سوپای پاسداران




ڕۆژی دووشەممە ١٦ی ئۆکتۆبر، ٢٤ی ڕەزبەر، حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بە پشتیوانیی سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر کەرکووک. پاش ڕووداوە کارەساتبارەکانی باشووری کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، چەند لایەنێکی ڕۆژئاوایی پشتیوانی خۆیان بۆ کورد دەربڕی و ئیدانەی بێ‌هەڵوێستی ئامریکا و ئۆروپایان لەهەمبەر پەلامار و گەلەکۆمەکییەکان بۆ سەر باشوری کوردستان کرد.

"ڕاڵف ئابراهام، مارشا بلاکبێرن، جارید پۆلس و مایك گالاگەر" چوار کۆنگرێسمەنی ئامریکایی نامەیەکیان ئاراستەی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئامریکا کردووە و تێیدا داوایان لە ناوبراو کردووە بە زووترین کات، بە گرتنەبەری تەواوی ڕێوشوێنە بەردەستەکان، ڕێگری لەو هێرشانە بکات کە لە لایەن میلیشیا شیعەکان بە پاڵپشتی ئێرانەوە دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان.

لەم نامەیەدا هاتووە: بەڕێز ڕێکس تیلەرسن

وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئێمە هەستمان بە مەترسییەکی گەورە کردووە بەهۆی دوایین هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق بە هاوئاهەنگی لەگەڵ میلیشیا شیعەکانی پشتیوانی‌لێکراو لەلایەن ئێران، لە هێرشکردنە سەر هێزە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵ و ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. ئێمە داوات لێدەکەین کە هەموو سەرچاوە بەردەستەکان بەکاربێنیت بۆ ئەوەی بەخێرایی کۆتایی بەم هێرشە دوژمنکارانەیە بێنیت، هەروەها بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرێکی درێژخایەنی دیپلۆماسیش. وەک خۆشت دەزانی، ڕێگەدان بە هێزێکی چەکداری هێرشکار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لەدژی هەرێمی کوردستان بەتەنیا ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکە دروستدەکات؛ هەروەها لەمەش گرنگتر، سەرنجەکان "لەسەر شەڕی داعش" لادەبات و "کاریگەریشی" لەسەر ئەو سەرچاوە گرنگانەش دەبێت کە ئەمریکا بۆ ئەو هێزانە دابینی کردوون لەسەرەتای ئامانجی تێکشکاندنی داعش.

هەروەها ترێنت فرانکس کۆنگرێسمەنی ئامریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا سەرکۆنەی توندوتیژییەکانی کەرکووکی کرد و داوای لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ کرد پارێزگاری لە گەلی کورد بکات و ڕێگە نەدات ئێران کاریگەری خۆی بڵاوبکاتەوە.

ترێنت فرانکس لە ڕاگەیێندراوەکەیدا وتوویەتی: "حەشدی شەعبی ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی پیشاندا. ئەوان لەگەڵ ئارامی گشتیی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نین. بەپێچەوانەوە، ئەوان سەربازی ڕژێمێکی گەندەڵن لە تاران، پابەندن بە دروستکردنی هیلالێکی شیعی بۆ بەردەوامدان بە ناردنی پارە و چەک بۆ گرووپە بەتیرۆریست ناسێنراوەکانی وەک حیزبوڵڵا".

هەر لەم پێوەندییەدا هەواڵدەریی "ڕۆیتێرز" لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە بەرپرسانی ئیسرائیل ڕایانگەیاندووە کە بنیامین نێتانیاهۆ هەفتەی ڕابردوو بۆ پشتیوانی لە کورد و لابردنی هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ "ئەنگێلا مێرکل و ڤلادیمیر پوتین "پێک هێناوە.

کاربەدەستانی ئیسرائیل باسیان لەوە کردووە کە بنیامین نتانیاهۆ سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە، لابی بۆ کوردی عێراق دەکات تا هەڕەشەی عێراق لە سەر هەرێمی کوردستان لاببات.

هەروەها نتانیاهۆ لەگەڵ فەرانسە لە سەر کێشەکانی ئێستای کوردستان قسەی کردووە.

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز باسی لەوەش کرد"مەئیر بن شەبات" ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل لەبارەی پرسی کورد لەگەڵ کاربەدەستانی ئامریکا پەیوەندی ئەنجام داوە.

بەرپرسێکی وڵاتی ئیسرائیل کە بەهۆی هەستیاریی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و کورد ناوی خۆی ئاشکرا نەکردووە، گوتویەتی ئیسرائیل بەرژەوەندیی ئاسایشی لەگەڵ کوردستان هەیە، چونکە هەرێم لە تاران و دیمەشقەوە کە نەیاری ئیسرائیلن نزیکە.

هەروەها هەواڵدەرییەکانی هەرێمی کوردستان ئاشکرایان کردووە کە نووسینگەی ڕاگەیاندنی کۆشکی سەرۆکایەتیی رووسیا (کریملین) پشتڕاستی کردۆتەوە لە پەیوەندیی تەلەفۆنیی نێوان سەرۆک‌وەزیرانی ئیسرائیل و سەرۆکی رووسیا، ڕەوشی کوردستان دوای گشتپرسی مژارێکی گفتوگۆی نێوان هەردوولا بووە.

بەپێی ئەم هەواڵە بەرپرسانی رووسیا باسیان لەوە کردووە کە ئیسرائیل نیگەرانە لە ڕۆڵی ئێران لە عێراق و، نیگەرانییەکانیشی بە رووسیا گەیاندووە؛ لەمبارەشەوە رووسیا نیگەرانییەکانی ئیسرائیلی بەجددی وەرگرتووە، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە عێراقدا.

دوابەدوای ئەم هەوڵانە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ڕوو لە حکومەتی ناوەندی عێراق رایگەیاند: "لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان جووڵەکانتان سنووردار بکەن".

پێویست بە ئاماژەیە کە ئەم ڕووداوانە و هەڵوێستی بەشێک لە سیاسەتمەدارەکانی ئامریکا و ئیسرائیل ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی هێنایە سەر هێڵ؛ لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەنجومەنی ئاسایش نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە شاری کەرکووک دەربڕی و داوای کردووە کە هەوڵەکان بۆ کەم کردنەوەی گرژییەکان بدرێت.

کۆی ئەم باسانە لە کاتێکدان کە بەپێی لێدوانی لایەنەکان و هەندێک بەڵگەی بەردەست و هەروەها ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە نەخشی بەرچاوی لە ڕوودانی ئەم بارگرژییانە لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە و بەردەوام هەوڵی زیاتر کردنی ئاڵۆزییەکان دەدات؛ بەشێک لە چاودێرانی سیاسیش پێیان وایە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێژیمی تاران لەم دەستێوەردانە درووستکردنی شەڕی براکوژی لە نێو کوردەکان و زیادکردنی ئاڵۆزییەکان لەم ناوچەیە تاکوو بەمشێوەیە زیاتر بتوانێ لە خاکی کوردستان و عێراقدا تەڕاتێن بکات و هەنگاوێک زیاتر لە "هیلالی شیعی"

## پەیڤ

## کەرکووک و سێ ڕاستی

**کەریم پەرویزی**

کارەساتی ئەم دواییانە کە لە کوردستانی باشوور بەسەر کورددا هات، ڕەنگە یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی کورد بێ کە تا لێواری گەیشتن بە هەندێک لە خەونەکانی نیزیک ببوویەوە بەڵام لەناکاو لەخەویان ڕاچڵەکاند و ڕووئیایان لێ کرد بە کابووس! ئەم تراژێدیا تاڵەی کەرکووک، سێ ڕاستیی سەلماندەوە بۆمان:

یەکەم: بەپێی هەندێک لە تیۆرییەکان دەڵێن، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست «دڵی ژیۆپۆلیتیکی» جیهانە و هەر ئەم دڵبوونەش بۆتە هۆی ئەوە کە بەردەوام لە لێدان بێ! بەو واتایە کە لە هەر لێدانێکدا دەلەرێتەوەو لەرانەوەشی ڕووداو و تراژێدیا و حەماسەی بە دواوە دەبێ و ڕەنگە بۆ هەتاهەتایە ناوچە سەقامگیری بەخۆوە نەبینێ! چوونکە سەقامگیری یانی ئیتر دەبێ ئەو دڵە لە لێدان بکەوێ و ئەوەش یان دەبێ ناوچەکە بەتەوای وێران ببێ و دڵەکە بمرێ یان دڵی جیهان بۆ شوێنی دیکە بگوازرێتەوە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وردە وردە لێدانەکانی کەم بکاتەوە.

دووهەم: لەم دڵە ژێئۆپۆلیتیکەی جیهاندا، کەرکووکی لێوانلێو لە نەوت، سەرچاوەی خوێن (هەمان نەوت) بۆ دڵەکە و لە ڕاستیدا بۆ جیهانە و بە واتایەکی‌تر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا کەرکووک دڵی ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لەم دڵەی ناوچەیەش، نەوت بۆتە هۆی ماڵوێرانی بۆ خەڵکەکەی و قەت خێریان لەو نەوتە نەبینیوە و قەتیش خێری لێ نابینن مەگەر ئەوەی دەوڵەتی خۆیان هەبێ، ئەویش دەوڵەتێک کە نەوتەکە نەکا بە چەک و تەقەمەنی و ...، بەڵکوو نەوتەکە بکا بە دابینکردنی ژیانی ئاسوودە بۆ خەڵک و گەشەدانی دێموکراسی، کە ئەویش لەو خەونە خۆشانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە پەنا دەستی دەریای نەوتدا زۆر ئەستەمە بێتە دی.

هەر دەسەڵاتێک دەست بەسەر کەرکووکدا بگرێ، لە ڕاستیدا دەتوانێ دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یان بەشێکی گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگرێ و هەربۆیەش گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی و بە ئاگاداریی زلهێزەکانیش بۆ سەر کەرکووک کرا تاکوو نەکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتێک بە ناوی دەوڵەتی کوردستان و هەروەک بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای کارەساتەکە ڕایانگەیاند ئەوان ڕێگا نادەن کەرکووک بکەوێتە دەست

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ستراتیژی نوێی ئامریکا

### "ستراتژیی نوێی ئامریکا پێویستە سەرچاوەی تێرۆر وشک بکا"

هاونیشتمانیانی بەڕێز،

هەروەک ئاگادارن، ڕۆژی هەینی ٢١ی ڕەزبەری ١٣٩٦، ١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧، دۆنالد ترامپ سەرۆک کۆماری ئامریکا، ستراتژیی نوێی ئامریکای بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند.

لەو ستراتژیە نوێیەدا هەرچەند زۆرتر باسی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی و ڕەخنەگرتن لە ڕێکەوتنی پێوەندیدار لە نێوان ئیران و گرووپی ٥+١ کرد، بەڵام لە بەشێکی ستراتژیەکەیدا دەستی خستە سەر هەندێک خاڵی بنەڕەتی لە سیاسەتە نادروستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی پێشووشدا و لە ڕەوتی دانیشتنەکانی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی، ڕامانگەیاندبوو کە کێشەی سەرەکی لەگەڵ ڕێژیمێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی تەنیا کێشەی هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی نیە، بەڵکوو لە چەند بواری سەرەکیدا ئەم ڕێژیمە مەترسیە بۆ سەر ناوچە و جیهان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژی و سەرەڕۆی ئایینی کە توندوتیژی و تاوان لەو ناوچەیەدا پەرە پێ دەدا، چەند دەیەیە کە لە نێو ئێراندا خەڵکی وڵات دەچەوسێنێتەوە و بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتیان دەکا. دوژمنی ژمارە یەکی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە و هەزاران تاوانی لەوبارەوە خولقاندوە و بە دەیان جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا بەهۆی پێشێلکردنی مافی کۆمەڵگا و نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتییە مەزهەبیکانەوە مەحکووم کراوە.

ئەم ڕێژیمە بە پێکهێنانی سوپای پاسدارانی پارێزەری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە و پەرەدان بە میلیشیای بەسیج و دواتر پێکهێنان و پەرەدان بە گرووپە میلیشیایی و توندڕەوە مەزهەبیەکان لە ناوچەدا، سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی و پەرەدان بە شەڕی مەزهەبی بووە و هەیە و لەپێناوی گەشانەوەی شەڕ و ئاژاوەشدا تەنانەت یارمەتیی گرووپە بەرواڵەت دژبەرە مەزهەبیەکانی وەکوو تاڵیبان و ئەلقاعیدە و داعشی کردوە، چوونکە کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ئاژاوە و شەڕی مەزهەبیدا دەتوانێ درێژە بە مانەوەی زیانباری خۆی بدا.

کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی تێرۆریزمی دەوڵەتی و تێرۆریزمی نێونەتەوەییە و کارنامەی ڕەشی لەو بارەوە بۆ هەموو جیهان ئاشکرایە، ئەو بە تێرۆری دژبەرانی و هێزەکانی ئامریکایی و بیانیەوە ڕانەوەستاوە و لە پێش هەمواندا لە تێرۆری ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەت ڕێبەرانی کوردەوە دەستی پێ کردوە و لە چەند دادگای جیهانیدا مەحکووم کرا و ئێستا هەموو جیهان دەزانن کە تێرۆریزم باشترین پێناسەیە بۆ ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی دەست پێ کرد، ئەوکاتیش لەنێو ئێراندا حیزبی دێموکرات یەکەم هێز بوو کە ئەو کردەوەی ڕێژیمی مەحکووم کرد و لە وکاتەوەش تا ئێستا و بە درێژایی چەند دەیەی تەمەنی، پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانی بە باشترین ڕێگای درێژەدان بە سیاسەت و مانەوەی زانیوە و مەرگ و وێرانی ناوەرۆکی سیاسەتی ئەو ڕێژیمە پێک دێنێ و لەگەڵ ژیان و بەختەوەریی مروڤ نامۆیە.

کۆماری ئیسلامی هەزینەیەکی زۆری لەپێناو دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی دا و ئێستاش بە نهێنی هەر لە بەرنامەی دایە کە دەستی بە چەکی کۆمەڵکوژ ڕابگا، ئەو چەکەشی تەنیا بۆ پەرەدان بە دەستێوەردانەکانی لە ژیانی هەموو خەڵکی ناوچە و پەرەدان بە تێرۆریزم لە هەموو جیهان دەوێ.

ئێمە لە پێشتریشدا ڕامانگەیاندبوو کە کەموکووڕیی سەرەکیی دانیشتنەکانی گرووپی ٥+١ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران ئەوەیە کە تەواوی پەروەندەی سەرەڕۆیی و تاوانباری و تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لەخۆ ناگرێ و تەنیا لە سەر پەروەندی ناوکیەکەی چڕبۆتەوە. ئەمە دەرەتان بە کۆماری ئیسلامی دەدا کە بە شێوەی توندتر درێژە بە تاوانەکانی لە بوارە کانی دیکەوە بدا و سەرکوتی نێوخۆیی توندتر بکاتەوە، هەر وەک تێپەڕینی کات ڕاستیی ئەو لێکدانەوانەی سەلماند.

ڕێککەوتنی جیهانی لەسەر پەروەندەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی هیچ خێرێکی بۆ ناوچە و نەتەوەکانی ئێران نەبووە و بەڵکوو بە پارەی تایبەتی کە لەو بوارەدا بە دەستی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران و سپای پاسداران گەیشتوون و پێکهێنانی دەرفەتی زیاتر بۆ ئەو ڕێژیمە سەرکوت و تێرۆریزم و دەستێوەردانیان لە وڵاتانی ناوچە زۆرتر کرد.

هەروەها ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی خۆهەڵکێشان و پەسندوێژییەکانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوە، لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و خەڵکی ناوچە وەک ڕێژیمیکی ئاژاوەگێر و جینایەتکار ناسراوە و لەگەڵ دەیان قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەوڕوو بووەتەوە کە لە چارەسەرکردنیان دەستەوەستانە، بۆیە ڕێژیمێکی بەرەو داشکانە. تەنانەت لە پلینۆمی حەڤدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیدا کە لە مانگی گەلاوێژی ئەم ساڵدا پێکهات، ڕاپۆرتی سیاسی سەبارەت بە ڕێژیم، لەژێر ناوی "کۆماری ئیسلامی بەرەو داشکان" ئامادە کرا بوو.

ئێستاش کە ستراتیژی نوێی ئامریکا، پێداچوونەوە بە ڕێکەوتننامەی وڵاتانی ١ + ٥ سەبارەت بە فایلی ناوکی ئێران، سەپاندنی گەمارۆ بەسەر سپای پاسداران و چەندین بواری دیکە لە خۆ دەگرێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی تەنگەژە و گرفتی زیاتر و، ڕەوتی داکشان و لاوازییەکەی خێراتر دەکا، لە بەرژەوەندی گەلانی ئێران و هەموو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دایە، بۆیە پشتیوانی لێ دەکەین.

لەو ڕاستایەدا داوا دەکەین کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان ڕیزەکانی خۆیان یەکگرتووتر بکەن بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دڕندەترین دوژمنیان کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و، بەم شێوەیە یارمەتیدەری جیددیتر بن لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات و خێرایی زیاتر ببەخشن بە داکشانی کۆماری ئیسلامی.

پێمان وایە کە ئەو کاتە جیهان ئەمن و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاسوودە و نەتەوەکانی ئێران ژیانێکی باشتریان دەبێ کە سەرچاوەی تێرۆریزم و توندئاژۆیی ئایینی و شەڕی مەزهەبی کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیە سەرەکیترین یارمەتیدەریەتی بە هاوکاریی هەموو لایەک وشک بکرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**

**٢٤ی ڕەزبەری١٣٩٦**
**١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧**



# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی مانگرتنی زیندانیی سیاسیی کورد، محەممەد نەزەری



کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان،
خەڵکی ئازادیخوازی ئێران
هاونیشتمانیانی کورد

ماوەی زیاتر لە ٨٠ ڕۆژە کە زیندانیی سیاسی ، محەمەد نەزەری مانی لە خواردن گرتووە و تەنیا داواکاریی ئەو، جێبەجێکردنی یاساکانی کۆماری ئیسلامییە سەبارەت بە ماوەی حوکمدرانەکەی.

محەمەد نەزەری خەڵکی سایین قەڵا ، تەمەن ٤٦ ساڵ، ماوەی ٢٤ ساڵە کە زیندانی کراوە و حوکمی نارەوای بەسەردا سەپاوە، تەنیا تاوانێک کە کۆماری ئیسلامی خستوویەتە پاڵی پشتیوانی لە مافی کوردان و ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردیدایە.

موحەممەد نەزەری لەبەر ئەوەی پشتیوانی لە مافی کورد کردووە، ٢٤ ساڵە بە بێ مورەخەسی لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەسبەسەرە و بەرپرسانی ڕێژیم تەنانەت بەپێی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامیش لەگەڵی ناجووڵێنەوە و ستەمی زیاتری لێ دەکەن.

بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەبوا ماوەی دەسبەسەرکرانەکەشی کەمتر بوایە و چەند ساڵ پێش ئازاد بکرایە و موحەمەد نەزەری بە پێی یاسای ساڵی ١٣٩٢ی ڕێژیم داوای دووبارە دادگاییکردنەوەی کردووە و وەڵامیان نەداوەتەوە، بۆیە لە ڕۆژی ٨ی گەلاوێژەوە دەستی داوەتە مانگرتن و تەنیا داوای ئەوە دەکا کە یاساکانی کۆماری ئیسلامیی لەسەری جێبەجێ بکەن.

کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی و مرۆڤدۆستەکان،

ئێمە لە حیزبی دێموکرات داواتان لێ دەکەین کە دەنگی مافویستیی زیندانیی سیاسی، موحەمەد نەزەری بن و گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی کە گوێ لە موحەممەد نەزەری بگرێ و داواکانی جێبەجێ بکا و هەرچی زووتر ئازاد بکرێ.

کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی سەرەڕۆ، هیچ مافێک بۆ مرۆڤەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو ناگرێ و تەنانەت یاسا دواکەوتوانەکانی خۆیشی پێشێل دەکا.

ڕوو لە زیندانیی خەباتکار و مافویست موحەمەد نەزەری دەکەین و داوای لێ دەکەین کە لەم دۆخە دژوارە جەستەییە کە تێیدایە، دوای زیاتر لە ٨٠ ڕۆژ مانگرتن، دەست لە مانگرتنەکەی هەڵ بگرێ، چوونکە کۆماری ئیسلامیی ستەمکار گیانی هیچ مرۆڤێکی بەلاوە گرینگ نییە و بایەخ بۆ هیچ ویست و هیچ گیانێک دانانێ بۆیە لەبەر پاراستنی گیانی خۆی داوای لێ دەکەین واز لە مانگرتنەکە بێنێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٦**
**٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧**

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان سپاسی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کرد



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکی تایبەتدا سپاس و پێزانینی تایبەتی خۆی ئاراستەی حیزبی دێموکرات و سکرتیری گشتی حیزب کرد.

پاش دەربڕینی پشتگیری و پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەلایەن بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکی تایبەتدا پێزانینی خۆی بۆ ئەم هەڵوێستە دەربڕی.

### دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

برای بەڕێز کاک مستەفا هیجری
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاوێکی گەرم....

نامەی پیرۆزبایی بەڕێزتان گەییشت کە بەبۆنەی سەرکەوتنی ڕیفراندۆم و سەرکەوتنی ئیرادەی گەلەکەمان ئاراستەی ئێمەتان کردبوو، زۆر سپاستان دەکەم. پێزانینم هەیە بۆ هەڵوێست و پشتگیریی ئێوە لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

گەلی کوردستان دوای قوربانیدانێکی زۆر و ئەزموونی تاڵ ڕێگەی خۆی هەڵبژاردووە و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت و هیچ هێز و گووشارێک ناتوانێ ڕێگر بێت لە بەردەم ئیرادەی ئاشتییانە و شەرعیی گەلی کوردستان.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**مەسعود بارزانی**
**٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧**

# پەیامی مستەفا هیجری بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا کەریم زەند



مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات، پەیامێکی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا کەریم زەند مێژوونووس و جوغرافیزانی کوردستان ڕاگەیاند.

### دەقی پەیامەکە:

بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا کەریم زەند هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی مامۆستا کەریم زەند مێژوونووس و جوغرافیزانی کوردستانمان پێگەیشت.

ئەو تێکۆشەرە ماندوویەناسە بێجگە لە چاپ و ئامادە کردنی ژمارەیەک لە کتێب و بابەت سەبارەت بە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە هەر بەشێک هەستی کردبا خزمەتێکی لە دەست دێ پێشوازی لێ دەکرد، هەر وەک چۆن لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا خۆی گەیاندە مەهاباد و ماوەیەکی زۆر لەو شارەدا وەک مامۆستایەک لە قوتابخانەکاندا وانەی زمانی کوردی فێری قوتابیان دەکرد.

کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و چالاکە جێگای خەم و پەژارەمانە، هەر بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو بەڕێزە و هەموو دۆستان و ئاشنایانی دەکەم و لە خەمی لە دەستدانیدا خۆم بە شەریکیان دەزانم.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتێری گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی**
**١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی**

# ئاگاداری/ کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامی حیزبی دێموکرات ڕوو لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لەبارەی دۆخی کوردستانی باشوور ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە:

بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

وەکوو هەموو لایەکتان ئاگادارن، باشووری کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار و خەباتی نەتەوەیی خۆیدا تێپەڕ دەبێت. سیاسەتی حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەستێوەرنەدان بووە لە کاروباری پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها هەردەم سیاسەتی پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاردانمان بۆ حیزبی خۆمان بە پرەنسیپێکی هەمیشەیی پێناسە کردووە.

لەو ڕووەوە داوا لە سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین، بە هەموو شێوەیەک خۆیان لە باس و بابەتی پێوەندیدار بە دۆخی باشووری کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ببوێرن و سیاسەتی فەرمیی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا ڕەچاو بکەن. لە غەیری ئەوەدا بەرەورووی لێپێچینەوە دەبن.

**کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# بەشداری شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات . سلێمانی لە پرسەی ماموستا کەریم زەند

شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "تاهیر مەحموودی" بەشداریان لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی ماموستا "کەریم زەند"دا کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، بە سەرپەرەستیی "تاهیر مەحموودی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، لە مزگەوتی "قازی محەممەد"، بەشداریان لە پرسەی ماموستا کەریم زەند، نووسەر، ڕووناکبیر و جوغرافیزانی کورد و یەکەم ماموستای قوتابخانەی سەردەمی کۆماری کوردستان کرد.

نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوخەمیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گەیاندە دەست بنەماڵەی ماموستا کەریم زەند.

شایانی باسە ماموستا کەریم زەند دۆستێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

# ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە قوتابیانی پلە یەکی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو

بۆ ڕێزگرتن لە قوتابیانی پلە یەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێک لە لایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزب لە بارەگای سەرەکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، بە بەشداری "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، قوتابیان و بنەماڵەی قوتابیانی حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە قوتابیانی پلە یەکی حیزب بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان ماموستا مەلا "ئەحمەد ڕەحیمی" بەرپرسی کۆمیسۆنی کۆمەڵایەتی لەو مەڕاسمەدا چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ڕەحیمی باسی لەوە کرد کە دەبێ بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە پێشوو گرینگی بە منداڵەکانیان بدەن تا بتوانن قۆناغەکانی سەرکەوتن بە دەست بێنن.

پاشان بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی ڕوو لە بنەماڵە و قوتابیانی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرد.

هیجری وێڕای پیرۆزبایی ساڵی نوێی خوێندی دەست خۆشی و ماندوونەبوونی لە بنەماڵەی قوتابیان کرد کە بەپەرۆشەوە گرینگی بە پرسی پەروەردەی منداڵان دەدەن.

هیجری باسی لەوەش کرد کە قوتابیان نابێ تەنیا لە بیری کارنامە و نمرە دابن بەڵکوو دەبێ بۆ فێربوونی زانست تێبکۆشن.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی قوتابیانی پلە یەک لە لایەن "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسی، "ڕۆستەم جەهانگیری" ئەندامی دەفتەری سیاسی و مەلا "ئەحمەد ڕەحیمی" بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی پێشکەش بە قوتابیان کرا.

# بۆ چەندەمین جار لە پێتەختی ئێران چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

تێکۆشەرانی دێموکرات لە تاران پێتەختی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەردەوام چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕۆڵەکانی دێموکرات بۆ وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "شمیرانات"ـی تاران وێنە و پۆستێری تایبەت بە شەهید دوکتور "قاسملوو"یان بڵاو کردووەتەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکیانەدا "سیمای دێموکرات"ـیان لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو و هەروەها وێنەی دیکەی ئەو ڕێبەرە ناودارەی کورد بڵاو کردووەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا قارەمانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لاوانی تێکۆشەری کوردستان ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، لە مەیدانی "ئازادی"ـی تاران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لەو چالاکیانەدا وێنەی ڕێبەری نەتەوەی کورد دوکتور "عەبدولڕەحمان قاسملوو"یان بڵاو کردووەتەوە.

# کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان



دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شاری مەهاباد ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی دایە "زارا عەبدی" دایکی شەهید "فەتاح عەزیزی پوور" لە شاری مەهاباد بە هۆی پیری و بەساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد.

دایە زارا ئینسانێکی نیشتمانپەروەر وجێگای ڕێزی خەڵکی ناوچەکە بوو و تا هەر دەم شانازیی بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەی دەکرد.

تەرمی دایە زارا لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

شەهید "فەتاح" ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی "گامێشان" سەر بە شاری مەهاباد لەدایک بوو. ناوابر پێشمەرگەیەکی قارەمانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو کە ڕێکەوتی ١٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا دژی داگیرکەرانی کوردستان لە شاری ڕەبەت شەهید بوو.

هەروەها ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی دایە "شاناز جدی" دایکی شەهید "کامیل گەڵلەبان" لە گوندی "نیچەڵان" سەر بە شاری ورمێ بە هۆی پیری و بەساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد.

دایە شاناز ئینسانێکی نیشتمانپەروەر وجێگای ڕێزی خەڵکی ناوچەکە بوو و تا هەر دەم شانازیی بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەی دەکرد.

تەرمی دایە شاناز لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

شەهید "کامیل" مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە جادەی سۆمابرادۆست کەوتە کەمینی هێزەکانی دوژمنی داگیرکەر و شەهید کرا.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پرسە وسەرەخۆشی لەبنەماڵە، خزم وکەس و کاری ناوبراوان دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیف

دوژمن، کە گەورەترین دوژمن بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، کوردستانە. ئێستا هەموو ئەکتەرە کردەیی و ئاشکرا و پشتی پەردەکان، لە نەوتی کەرکووکدا بەشدار دەبن و بە هاوبەشی دەیخۆن، تاکوو دڵ لێدانێکی دیکە و دووبارە دابەشکردنەوەی بەرژەوەندییەکان و دارشتنەوەی باڵانسی هێز.

سێهەم: کوردستان بە درێژایی مێژووی، ئەوەندی من خوێندبێتمەوەو لێی ئاگادار بم و ڕەنگە زۆری لێ نەزانم، بەردەوام دووانەی تراژێدی و حەماسەی پێکەوە هاتوون. لاپەڕە بە لاپەڕەی مێژووی کورد دێڕێکی تراژیدیایە و دێڕێکی حەماسەیە. تراژیدیاکەی بۆ هەڵکەوتە جوغرافیاییەکەی دەگەڕێتەوە کە ڕێک لەسەر هەزار ڕێیانێک هەڵکەوتووە کە بە هەرلایەکدا دەڕوانێ خەڵک و گرووپێک بەرەوڕووی دێن و دەیانهەوێ تێپەڕن و بڕۆن شوێنی دیکە داگیر بکەن و ئەمیش لە سەر ڕێگا هەڵکەوتووە و زەربەیەکی لێ دەدەن و تراژێدیایەک دەقەومێ. هەر ئەم زەربە بەردەوامانە و جوغرافیاکەی کە شاخاوییە و فێری بەرخۆدان و ڕاوەستانی کردووە، خاراویان کردۆتەوە و لە دەرەتانێکی تردا هەستاوەتەوە و حەماسەی خوڵقاندووە کە ئەگەر ئەو دووبارە هەستانەوە و حەماسانە نەبوونایە، چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا، کورد بەتەواوی دەسڕایەوە و تەنیا لە نێو مووزەکاندا دەبوا بەدوایدا بگەڕێی، بەڵام هەمیشە لە ڕووداوەکاندا بەشێکی گرینگی ئاڵوگۆڕەکانە.

لێدانی دڵ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوامە و دابەشبوونەوەی بەرژەوەندی و پارسەنگی هێزیش بەردەوام، هەر بۆیە مێژووی کوردیش بەردەوامە و زۆر جاریش دووپات دەکرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا کە دەوڵەتی تاران و بەغدا یەکیان گرتووە، لێدانێکی دڵ لە ناوچە ڕەنگە هەردووکیان پێکەوە بخا!

# پیلانەکانی ڕێژیم دژی کوردستان بەردەوامە

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە درێژەی هەوڵە نگریسەکانیان بۆ پەلکێش کردنی لاوان بۆ نێو دەزگای بەدناوی بەسیج چەند پیلانێکی نوییان خستۆتە گەر.

کاربەدەستانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی پەلکێش کردنی لاوان و خەڵکی ناوچە بۆ نێو ڕیزەکانی بەسیج لە دێهاتەکانی سەرشیوی سەقز دەستیان داوەتە هەندێ کاری بەناو خزمەتگوزاری کە لە ئەساسدا هیچ پەیوەندییێکی بەو ڕێکخراوەوە نییە.

بەپێی ئەم هەواڵە هێزەکانی سپای ڕێژیم ڕاستەوخۆ بە کرێکار و مەساڵحی بیناسازی خۆیانەوە لە چەندین گوندی ناوچەی سەرشیوی سەقز وەک "حاجی عەبدول، سماقلوو، حاجی مەمەدان، باخچەڵە و چەندین گوندی دیکە دەستیان داوەتە دروست کردنی دیواری حەوشەی مەدرەسەکان و دروست کردن و تەعمیر کردن و کاشیکاری کردنی مزگەوتەکانی ئەو گوندانە.

لە کاتی کار کردندا ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستی و لە ئینسانیەت بێبەشە بەردەوام بانگەشەیان بۆ سازمانەکەیان کردووە و هەوڵیان داوە ڕواڵەتی ڕێکخراوەکەیان لەلای خەڵکی ئەو گوندانە شیرین بکەن و ئەوەندەی بۆیان لوابێت کارەکەی خۆیان بە پڕبایەخ لە قەڵەم داوە.

ئەم هەوڵە نەزۆکانەی ڕێژیم لە کوردستان لەحاڵێکدا دەبیندرێن کە گەلی وشیاری کورد، بەتایبەت لاوانی کوردستان بەباشی لە ویستەکانی ڕێژیم تێگەیشتوون و لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا نیشانیان داوە کە فریوی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم ناخۆن.

# یادی شەهیدان فەرماندە "مێهدی تەوریوەری" و "شەهید شۆڕش منبەری" بەرز ڕاگیرا





ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان لە ژاوەرۆی هەمیشە دێموکرات یادی لەدایک بوونی شەهیدی هەردەم زیندوو، مێهدی تەوریوەریان بەرز ڕاگرت.

ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل لە ژاوەرۆی سنە ڕێوڕەسمێکیان بۆ یادی لە دایک بوونی شەهیدی فەرماندە "مێهدی تەوریوەری" بەڕێوە برد.

لەم یادکردنەوەدا ڕێبوارانی ڕێبازی ئازادی وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی جەنگاوەری خۆرەتاو، فەرماندەی بەوەجی دێموکرات و ڕێبوارە ڕاستەقینەکەی ڕێبازی شەهیدان، کاک مێهدی شێخی ناسراو بە مێهدی تەوریوەری پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازەکەی نوێ کردەوە و بەڵێنیان دا تا سەر وەفادار بە ئارمان و ئارمانجەکانی حیزبەکەی شەهید مێهدی بمێننەوە.

شەهید مێهدی شێخی ناسراو بە مێهدی تەوریوەری ساڵی ١٣٥٨ هاتووەتە ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لە هێزی شەریفزادە سازمان دراوە. هەردوو شەڕی نەورۆزی ٥٨ و بەهاری خوێناویی شاری سنە چالاکانە بەشداریی کردووە. پاش تۆمارکردنی چەندین داستانی نەبەردی لە تەمەنی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتیدا لە حەماسەیەکی لەبیر نەکراو لە کۆساڵان وێڕای چەند هاوسەنگەری بەئەمەگی کەوتە بەر قینی ئاگری دژی گەلییەکان و پەیوەست بە کاروانی نەمران بوو.

هەروەها ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل لە ژاوەرۆی سنە، لە گوندی تەنگیسەری هەمیشە دێموکرات ڕێوڕەسمێکیان بۆ یادی لە دایک بوونی شەهیدی هەرگیز نەمر شۆڕش مینبەری بەڕێوە برد.

لەم یادکردنەوەدا ڕێبوارانی ڕێبازی ئازادی وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی جەنگاوەری خۆرەتاو، بەورە چنگ بەگرەکەی نیبەر و ڕێبوارە ڕاستەقینەکەی ڕێبازی شەهیدان، کاک شۆڕش مینبەری پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازەکەی نوێ کردەوە و بەڵێنیان دا تا سەر وەفادار بە ئارمان و ئارمانجەکانی حیزبەکەی شەهید شۆڕش بمێننەوە.

هاوڕێی شەهید "شۆڕش مینبەری" کوڕی شەهید "عەبدولحەسەن مینبەری" لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە ئاوایی نییەری قارەمان پەروەر لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە چاوی ڕوو بە دنیای ڕوون هەڵێنا و لە ١٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی بە فەرمی دێتە ڕیزی هەڵۆ و تەوارە تیژباڵەکانی دێموکرات و پاش تەواو کردنی سەرکەوتووانەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر دەکات و لە ناوەندی یەکی کوردستان سازمان درا. بەداخەوە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی کاتێک کە وێڕای هێزێک لە پێشمەرگەکانی حیزب بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبی و نیشتمانییەکان ڕەوانەی نێوخۆی کوردستان کرا لە نیزیک گوندی "دووڕوو"ی ناوچەی سەولاوا لە بناری شاخی کۆساڵان وێڕای هاوڕێ و دۆستی دێرینی خۆی شەهیدی هەرگیز نەمر شاخەوان مینبەری کەوتە بەر پەلاماری دژی گەلییەکانی ڕێژیم و تێکەڵ بە کاروانی پڕسەروەری شەهیدان بوو.

# ڕاسان،
# هۆکاری سەرەکی سپا بۆ ئاڵۆزییەکانی کەرکووک




**ئاسۆ ساڵح**

یەکێک لە گەورەترین پرسیارەکان کە ئەم ڕۆژانە بیر و مێشکی خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، دژکردەوەی توندی ڕێژیمی ئێران دوای ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوورە. لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا دژکردەوەی هەندێک لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران تەنانەت توندتر لە سەرانی عێراقی بوو. ئەو دژکردەوانە لە شەڕی کەرکووک و حزووری فەرماندەکانی سپای پاسداران و هێزەکانی سپای قودس لەو عەمەلیاتەدا گەیشتە لوتکە.

بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حزوور یان ڕۆڵی خۆیان لە هەر چەشنە عەمەلیاتێکی ئەم دواییانەی کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان ڕەت کردووەتەوە. میدیاکانی ڕێژیم ڕۆژی سێشەممە لێدوانەکانی عەلی‌ئەکبەر ویلایەتی، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، ڕاوێژکاری کاروباری دەرەوەی ڕێبەری ڕێژیم و ئەندامی دیاریکردنی بەرژەوندییەکانی نیزامیان بڵاو کردەوە کە گوتبووی "ئێران هیچ ڕۆڵێکی لە عەمەلیاتی کەرکووکدا نییە". ویلایەتی کە بەپێی حوکمی دادگای میکۆنووس، یەکێک لە بکەرانی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری ناوداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە ستراتیژیستەکانی ڕێژیم لە بواری پرسەکانی پێوەندیدار بە کوردستانە، هەروەها گوتبووی کە هۆکاری داگیرکردنی کەرکووک لە لایەن میلیشاکانی حەشدی شەعبی "خواستی خەڵکی ناڕازی" یە.

بەڵام بە پشتبەستن بە گوتەی فەرماندە نیزامییەکانی کورد و وێنە بڵاوکراوەکان لە لایەن میدیا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، ڕاستییەکان باس لە شتێکی دیکە دەکەن.

ڕێژەی بازرگانیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران ساڵانە ٨ میلیارد دۆلارە، واتە کوردستانی عێراق دوای تورکیە گەورەترین شەریکی بازرگانیی ئێرانە، چ حاڵەت یا حاڵەتگەلێک هەیە کە گرینگیی ئەوە بۆ ڕێژیم ئەوەندە زۆرە کە لەو قەیرانە ئابوورییەدا کە بەرۆکی کۆماری ئیسلامی گرتووەتەوە لەو ڕێژە بازرگانییە چاوپۆشی دەکا و ئەم جۆرە بە ئاشکرایی پیلانڕێژی بۆ کەرکووک دەکات.

ڕەنگە هەندێک لە ئامانجەکانی ئێران کە بۆ وەڕێخستن و حوزووری چالاکی لە شەڕی کەرکووکدا بەدی دەکرێت ئەو بابەتانەی خوارەوە بێت کە لە میدیاکانی سەر بە ڕێژیمدا بڵاو بووەتەوە، بەڵام بە ڕای نووسەری ئەو بابەتە ئەم حاڵەتانە بە تەنیایی ناکرێت هۆکاری ئەسڵی بن.

## ڕەوایی‌دان بە درێژەی تەمەنی هێزەکانی حەشدی شەعبی

بەپێی ئیدعای فەرماندەکانی حەشدی شەعبی، ئەو هێزانە کە ئێستا تەنانەت لە ئەرتەشی عێراقیش بەهێزترن، دوای فتوای عەلی سیستانی مەرجەعی شیعەکان و بۆ شەڕ لەگەڵ داعش دامەزرا. کاتێک کە بەشێکی بەرین لە خاکی عێراق لەژێر دەستی داعش دابوو، ئەو هێزانە توانیان ببنە هێزێکی یاسایی. بەوتەی سیاسەتمەدارانی عێراقی، حەشدی شەعبی تەواو لەژێر دەسەڵاتی سپای قودسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا بەڕێوە دەبات.

بە لاوازبوونی داعش و ئازادسازیی ناوچە داگیرکراوەکان، بەرەبەرە دەنگۆی ئەوەیکە ئەو هێزانە دوای داعش مەشروعیەتیان نامێنێ دەبیسترا. دەستێوەردانی ئەو هێزانە لە مەسەلەی کەرکووک و هاتنی ئەوان بۆ یەکێک لە ناوچە هەستیارەکان هەم بۆ کوردەکان و هەم بۆ عەرەبەکان، مەشروعیەتی ئەو هێزانەی لانیکەم بۆ بەشێک لە خەڵکی عەرەبی عێراق زیاتر کرد.

لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی کوردستانی باشوور لە سەر حوزووری نایاسایی ئەو هێزانە لە شەڕی کەرکووک پێداگری دەکەن، ڕێژیمی ئێران حوزووری ئەوان دەسەلمێنێت. لەو بارەیەوە "حەسەن کازمیی قۆمی" باڵوێزی پێشووی ئێران لە عێراق، بابەتێکی خۆی بۆ ڕۆژنامەی "دەوڵەت"ـی ئێران بەو ڕستەیە دەست پێکرد: "دولت عراق با فراغت از تداوم نسبی عملیات پاکسازی و آزادسازی مناطق اشغال شده توسط گروه تروریستی داعش، عملیات تازه خود را متوجه بازپس گیری مناطقی کرد که پس از خروج داعش تحت کنترل پیشمرگه های کورد قرار گرفته بود". بەڵام لە تەنیشت یەک دانانی بە ئەنقەستی داعش و پێشمرگە، لە درێژەی بابەتەکەی خۆیدا بە ئاماژە بە شەڕی کەرکووک و یاسایی‌بوونی دەنووسێ: "ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە دوێنێ لە کەرکووک ئەنجام درا، لە چوارچێوەی جێبەجێ‌کردنی خاڵەکانی یاسای بنەڕەتی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بوو". ئەو بەرپرسەی ڕێژیمی ئێران کە چەندین ساڵ لە عێراقدا باڵوێز بوو، ئاگادارانە باس لە مەسەلەی یاسایی بوون دەکات و هەوڵ دەدات ئەو گومانە لابەرێت کە حەشدی شەعبی وەک سەرەکیترین هێز لە شەڕی کەرکووک هێزێکی یاساییە کە ناوەڕۆکی یاسای بەڕێوە بردووە.

ئامانجی سەرەکی ئێران واتە وەڕێخستن و حوزووری چالاک لە شەڕی کەرکووک ناتوانێت مەشرۆعیەتبەخشین بە درێژەی تەمەنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بێت. چونکە زۆرینەی پارلمانی عێراق لە دەستی هێزەکانی ژێردەستی ئێران دایە و هەر تەرح و گەڵاڵەیەک کە بیهەوێت بە ئاسانی پەسندی دەکات. هەر چەند لە عێراقدا بە جێگای یاسا زیاتر عورفی ڕدێن سپیەتی و پێوەندی دیکەی نایاسایی حوکم دەکەن. شەڕی کەرکووک، تەنیا دەتوانێت ڕێگا بۆ دروستکردن یا پەرەپێدانی ئەو پێوەندییە نایاساییانەی عەرەبەکان بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەو ئامانجە هەموارتر بکات.

## دابەزینی ڕۆڵی هێزە بیانییەکان (ئامریکایی)

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت بە دەستپێکی شەڕی داعش و حوزووری هێزەکانی هاوپەیمانان بە تایبەت ئامریکا لەو شەڕەدا، کوردستان و عێراق شوێنی ئەو هێزانە بوون. لەگەڵ کۆتایی عەمەلیاتی نیزامیی دژی داعش، ڕێژیمی ئێران لە حوزووری ئەو هێزانە بەتایبەت لەو ناوچانەی کە کەمتر دەسەڵاتی هەبوو، هەستی بە مەترسی کرد. یەکێک لە ناوچەکان لە کوردستان و شاری ستراتیژیکی کەرکووک بوو. داگیرکردنی کەرکووک لە لایەن عێراق (بڵێین ئێران) دەتوانێت دزەکردنی ڕێژیمی ئێران لەو ناوچەیەدا بەرز بکاتەوە و ئەو ناوچانە بۆ حزووری هێزە بیانییەکان دژوار یان غەیری مومکین بکات.

لەو پێوەندییەدا "ئەحمەد وەحیدی" وەزیری پێشووی بەرگری و ئەندامی ئێستای کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، یەک ڕۆژ دوای شەڕی کەرکووک لە پرێس کۆنفرانسێکدا گووتی:" ئەمڕۆ کەرکووک کەوتووەتە دەس هێزە عێراقییەکان و هیچ پێویستییەک بە بوونی هێزی دەرەکی نییە". بەڵام ئامانجی "سەرەکی" ئێران وەڕێخستن و بەشداریی چالاکانە لە شەڕی کەرکووکدا ناتوانێت دابەزینی ڕۆڵی هێزە بیانییەکان (ئامریکایی) یان بەرزکردنەوەی دزەکردنی خۆی بێت، چونکە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، تەنانەت لە شارەکانی دیکە بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دایە (وەک هەولێر و سلێمانی) ڕێژیمی ئێران توانیویەتی بەشداری چالاکانەی هەبێت. بێ داگیرکردنی کەرکووک، هەر بەو ڕێژەیەیش دەیتوانی لە شاری ستراتژیکی کەرکووک حوزووی هەبێت.

## بەهێزکردنی دەوڵەتی (شکست خواردووی) عێراق

ڕەنگە پێویست بە شرۆڤەکردن نەکات کە دەوڵەتی یەکگرتووی عێراق کە بڕیار بوو هاوپەیمانییەک لە هەموو کەمینە دانیشتووەکانی ئەو شوێنە بێت، بووەتە دەوڵەتێکی ژێردەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. ئەو دەوڵەتە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گەیشتبووە خاڵێک کە تەنانەت هەندێک ڕەوتی شیعە کە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق بوون لە خۆی دوور خستبۆوە، ئەو ڕەوتانەش دەستیان دایە ناڕەزایەتی جیددی. ئاکامی ئەو سیاسەتەش، چەند پارچەبوونی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق یان بوونی ئەو بە یەک Failed state یان دەوڵەتی شکست خواردوو بوو. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، حکوومەتێکی بە نیسبەت سەربەخۆ لە عێراقدایە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بواری ئابووری و مەشروعیەتی نێودەوڵەتییەوە بەهێزتر دەبوو. کوردستان، زیاتر لە ٢ میلیۆن ئاوارەی عێراق (و سووریە)ی لە خۆیدا پەنا دا. سیاسەتی ئەمنییەتی زۆر توندی گرتەبەر بە شێوەیەک کە تەقریبەن هیچ عەمەلیاتێکی تێرۆریستیی جیددی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەنجام نەدرا. ئەو حکوومەتە تەنانەت سیاسەتی تایبەتیی دەرەوەی خۆی بنیات نا و دەستی بە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جوارجۆردا گرت. شەڕی کەرکووک ئەو لاپەڕەی بە تەواوەتی وەرگێڕا. لەو پێوەندییەدا، ڕۆژنامەی کەیهان کە سەکۆی ڕوانگەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە لە یەکێک لە بابەتەکانی خۆیدا لەبارەی شرۆڤەی شەڕی کەرکووکدا نووسی: "ئەم وڵاتانە (ئامریکا و ئۆروپا) لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ پێوەندی گرتنی سیاسی ڕوویان لە هەولێر دەکرد و بەغدایان لەبیر کردبوو". شەڕی کەرکووک، بوو بە هۆی ئەوەیکە دەوڵەتی شکست خواردووی عێراق کەمێک گیانی بێتەوە بەر. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئامانجی "سەرەکی" ئێران لە وەڕێخستن و حوزووری چالاکانە لە شەڕی کەرکووکدا ناتوانێت بەهێزکەری دەوڵەتی "شکست خواردووی" عێراق بێت. چونکە بە سەرنجدان بە دزەکردنی زۆری ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا ئەو دەوڵەتە شکست خواردوویە دەیتوانی بە شێوەی دیکە بەهێز بێت، وەک دانی ئیمتیازی زیاتر بە دژبەرانی یان تەنانەت لەناوبردنی ڕێبەرانی دژبەر کە ڕێژیمی ئێران لەو جۆرە تێرۆرە دەوڵەتییانە مەهارەتی تایبەتی هەیە.

## ئەگەری هۆکارەکانی دیکە

هۆکاری دیکەش دەتوانین بۆ ئامانجی ئێران لە وەڕێخستن و حزووری چالاک لە شەڕی کەرکووکدا لەبەر چاو بگرین. وەک گرینگیی ستراتیژیکی شاری کەرکووک لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژی هیلالی شیعیی ئێران، گرینگیی ئابووری ئەو ناوچەیە هەم بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەم بۆ دەوڵەتی عێراق، دێموکراسی تازە پێ گرتووی کوردستانی عێراق و هەوڵدان بۆ نەزۆک کردنی ئەو. بە باوەڕی نووسەر هیچ کام لەو ئامانجانە ناتوانرێت ئامانجی سەرەکی ئێران بێت.

حەتمەن تا ئێستا ئەو پرسیارە لە مێشکی خوێنەردا شکڵی گرتووە ئەدی "چ ئامانجێکە کە ئەولەویەتی ڕێژیمی ئێرانە؟" بۆ دۆزینەوەی ئەو وڵامە دەبێ دۆخی ئێستای ناوچەکە لەگەڵ دۆخی ساڵی ١٩٩٢ی زایینی بۆ دواتر بەراورد بکەین.

چ گۆڕانکارییەک لە ناوچەکەدا پێکهاتووە کە ڕێژیم پێویستی بە حزوورێکی وا هەیە؟ مەگەر دۆخەکە لە ساڵەکانی دروستبوونی حکوومەتەکانی کوردستان دوای دیاریکردنی زۆنی دژە فڕینی ٣٦ دەرجە نالەبارترە؟ دۆخەکە نیسبەت بە کاتی ڕاگەیاندنی سیستمی فێدراڵی لە عێراقدا و بە فەرمی ناسینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کە شادی و خۆشی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشی لێکەوتەوە) و کاتی یەکەمین ڕێفراندۆم چ گۆڕانێکی کردووە؟ وڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ مەسەلەیەک بێت کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە؟ تەنیا گۆڕانێک کە دروست بوو و ڕاستەوخۆ بۆ سەر ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیەکی جیددیە، ڕاسان و قۆناغێکی تازە لە خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

ساڵی ڕابردوو لە کاتێکدا کە دوای یەک ساڵ لە ڕاگەیاندنی ڕاسان تێپەڕیبوو، خەڵکی کوردستانی ئێران بە وەڕێخستن و بەشداری چالاکانە لە کەمپەینی "نەورۆزی جامانە" یان "زەماوەندی جامانە" حەماسەیەکی مێژووییان تۆمار کرد.

ئەو حەماسە مێژووییە لە ڕۆژی ڕێفراندۆمی کوردستانی باشووریش بە کەمپەینی "زەماوەندی ئاڵا" دووپات بوویەوە. ڕێژیم کە بەردەوام هەوڵی داوە و واقعیەتی مەسەلەی کورد ئینکار یا بەلاڕێدا ببات ئەو سیاسەتەی خۆی بە حزووری بەرینی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە شەقامەکان، بە شکست خواردوو لە قەڵەم دا و ئامانجی ئەوە بوو بە هەر شێوەیەک لە بەرانبەریدا ڕابوەستێت.

لەو چوارچێوەیەدا و لە گۆشە نیگای ڕاسان، وەڕێخستنی ئاژاوەی کەرکووک بۆ ڕێژیم دەیتوانی چەندین دەستکەوتی هەبێت: سەرکووت و بێ هیوایی بیروڕای گشتیی کورد، لاوازکردنی (دوو یا چەند بەش کردنی) حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئاکامی هەڵکشانی دزەکردنی خۆی (تەنانەت زیاتر لە پێش) لە کوردستانی عێراق، (ئەگەری) دەستپێکردنەوەی تێرۆرەکان لەو ناوچەیە و لە کۆتاییدا وشککردنی نەمامی تازە پێ گرتووی ڕاسان کە کەم کەم دەبێتە یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکان لە هاوکێشەکانی ناوچەدا.

# هێزی سەربازیی ئێران توانای پاراستن و پارێزگاری لە قووڵایی ستراتژیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نییە

»ن: موختار نەقشبەندی
»و: نسار

وڵاتگەلێك لە سیستم و پێکهاتەی سیاسی دوای شەڕی جیهانی دووهەم توانیان بە کەمترین تێچوو زۆرترین گەشەی ئابووری و کاریگەری سیاسی بەدەست بێنن کە بەباشی ڕێساکانی گەمە و بەڕێوەبردنی ئەم هەقیقەتەیان قەبووڵ کرد کە هێزی سەربازی و ئابووری قسەی یەکەم دەکا ناك دێموکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری، تەنانات دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووەتە ئامراز و کەرەستەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابووری و سیاسییەکان، هەڵبەت هێز تەنیا بریتی نییە لە هێزی سەربازی بەڵکوو هێزی ئابووری و فیکری و کەلتووریش زۆر گرینگە و تەنانات نابوونی هاوسەنگی لە نێوان هێزی سەربازی و ئابووریش کێشە دەخوڵقێنێ بۆ نموونا وڵاتێك کە تەنیا بەشوێن گەشەی ئابوورییەوە بێ و گرینگی بە گەشەی هێزی سەربازی نادا، ناتوانێ لە بەرژەوەندییە درێژخایەناکانی ئابوورییەکەی لە ئاستی جیهاندا بەرگری بکا! لە لایەك سیاسەتی دەرەکی و دەستێوەردانی و بەشداری لە مەسەلە جیهانییەکان ئەگەر گونجاو نابێ لەگەڵ هێزی ئابووری و سەربازی کێشە خوڵقێن دەبێ. ئێران ساڵانێکە بەشوێن پێکهێنانی هیلالی شیعە و دامەزراندن و سەپاندنی ئیمپراتۆری شیعە لە جیهاندایە، بەلەبەرچاونەگرتنی ئەوەیکە گەلۆ سیاسەتی دەرەکی ئێران لە سۆنگەی مافی مرۆڤ و دێموکراسی و یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دروست یان هەڵەیە و بە لەبەرچاونەگرتنی ئەوەیکە گەلۆ ئێران قووڵایی ئیستراتیژیەکەی واقێعبینانا دیاریکردووە یان نا و بەلەبەرچاونەگرتنی ئەوەیکە گەلۆ بوونی ئێران لە سووریە و عێراق بۆ پێشگرتن لە هاتنی تیرۆریستەکان بۆ تارانا یان نا و پرسگەلێك لەم شێوەیە دەمانهەوێ ئەم پرسە تاوتوێ بکەین کە گەلۆ ئێران لە سۆنگەی سەربازییەوە توانای بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان و پاراستنیانی هەیە یان نا؟ بەسەرەنجدان بەوەیکە ئیسرائیل بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە قەبووڵی ناکا ئێران لە نزیك سنوورەکانی بێ، گەلۆ شەڕێکی دیکە بەڕێوەیە؟ گەلۆ بەردەوامی و جەختکردنی ئێران بۆ بوونی لە وڵاتە عەرەبییەکان دەبێتە هۆی داگیرسانی شەڕ لە نێوان ئیسرائیل لەگەڵ ئێران یان عەرەبەکان لەگەڵ ئێراندا؟ لەم بابەتە وڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە کە گەلۆ ئێران توانای پاراستنی قووڵایی ئیستراتژیکی خۆی لە شەڕێکی بەربڵاو و ڕاستەوخۆدا هەیە؟

بە پێچەوانەی بانگەشە و دروشمەکانی بەرپرسە سەربازییەکانی ئێران، هێزە سەربازییەکانی ئێران تەنانەت بۆ پاراستنی تەناهی ئێران لە ئەگەری شەڕێکی بەربڵاو لەگەڵ کێشە بەرەوڕوون چ بگا بە عەمەلیاتی بەربڵاوی سەربازی لە نێو خاکی وڵاتانی دیکە و یان پاراستن و بەرگری لە هاوپەیمانەکانیان، هیچکام لە هاوپەیمانەکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەرتەشێکی پۆشت و پەرداخیان نییە و ڕووسیەش تەنیا بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سووریە هاتووەتە نێو شەڕەکە و لە ئەگەری شەڕێکی بەربڵاو بە هۆکارگەلی ئابووری و سیاسی بێجگە لە هێندێ شوێنی بەرتەسك لە سووریە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پایگاکانی خۆی تووشی شەڕ بۆ پاراستنی ئێران ناکا. کاریگەرێتی ئێران تاکوو دەریای مەدیتەرانە نە بەهۆی هێزی ئابووری و سەربازییەکەی بەڵکوو کەڵك وەرگرتنیەتی لە هێزی نەرم و هەست و پێکهاتەی ئایینی ناوچە شیعەنشینەکانە بەڵام درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی ترس و هەستیاری زۆری وڵاتانی ناوچە و بە درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە ئەگەری پێکدادانی بەربڵاو دوور لە چاوەڕوانی نییە. ئێران هەر بەوشێوە کە تاکوو ئێستا لە شەڕی ناهاوخشت باشترین کەڵکی وەرگرتووە لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی بەربڵاویش لەم ڕێگاوە خەساری زۆر لە لایەنی بەرانبەردەدا بەڵام شەڕ لەلایەن هێزە ئاسمانی و دەریاییەکانی لایەنەکان یەکلا دەبێتەوە نەك لە سەر زەوی. لە خشتەکانی خوارەوە ئاماژە بە ئامار و ژمارەی چەك و چۆڵی گرینگی پێنج وڵاتی بەهێزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کراوە کە بە بەردەوامی سیاسەتەکانی ئێران ئەگەری پێکدادان و شەڕیان لەگەڵ ئێران هەیە. هەڵبەت ئاڵۆزی و جیاوازی بەرژەوەندییەکان گرووپ بەندییەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆر ئاڵۆزکردووە بەڵام زۆرترین ئەگەری پێکدادان لە نێوان عەرەبستان و ئیمارات لە دژی ئێران یان ئیسرائیل لە دژی ئێران یان یەکگرتوویەك لە نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل هەیە. زۆر بەکورتی باس لە گرفتەکانی ئێران لە دوو شەڕی گریمانەیی دەکەم.

شەڕ لەگەڵ عەرەبستان و ئیمارات: بە پێچەوانەی تێگەیشتنی خەڵك، شەڕی نێوان ئێران و عەرەبستان زۆر مەترسیدارتر و پڕخەسارتر و پڕتێچووترە لە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل، هەڵبەت پێویستە بگوترێ ئەگەری زۆرکەمە عەرەبستان بێ هاوڕێیەتی وڵاتانی دیکە وەك ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بچێتە شەڕ لەگەڵ ئێرانەوە. هێزی ئاسمانی عەرەبستان کە خاوەن فرۆکەگەلی ناوی چوارەم و ناوی ئامریکایی وەکوو ئێف پانزە و فرۆکە ئۆرووپاییەکانی تایفۆنایە وێرای شکستدانی هێزی ئاسمانی کۆن و پەرتووکاوی ئێران کە زۆرتر کەڵك لە فرۆکەکانی ناوی سێهەم هی چل ساڵ پێش وەردەگرێ، دەتوانێ ناوەندەکانی ناوکی ئێران بە تەواوەتی لە نێوببات کە سەرەڕای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ لەشەڕ، سەنعەتی نەوتی ئێران نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش لەشەڕ و ئەمە بۆ ئابووری لەرزۆکی ئێران بە مانای دابەزینی زۆر و بەرزبوونەوەی بێکاری و هەڵاوسانی کونترۆڵ نەکراوە. دۆخی هێزی ئاسمانی ئێران بەڕێژەیەك خراپە کە تەنانات هێزی ئاسمانی ئیمارات بەکەڵك وەرگرتن لە فرۆکەکانی ئێف شانزە لە هێزی ئاسمانی ئێران بەهێزترە. لاوازی و ناتوانایی ئێران لە یارمەتیدان بە حوسییەکانی یەمەن و شیعەکانی بەحرەین بەتەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هێزی ئاسمانی و دەریایی ئێران، بە پێچەوانەی بانگەشەی بەرپرسە ئێرانییەکان، هێزی دەریایی ئەم وڵاتە کە بەشێکی زۆری هێزەکەی بەهۆی چەند سەد پاپۆڕی خێرای مووشك هاوێژ و مووشەکە کەنارە بە دەریاییەکانە هەروەك مووشەکی کەنداوی فارس پێکهێنراوە، هێزێکی کەنارەکانە نە هێزێکی دەریایی ئیستراتژیك، هێزی دەریایی ئێران لە شەڕێکدا لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی فارس بە کەڵکوەرگرتن لە پشتیوانی پاپۆڕە خێراکان و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە مووشەکەکانی کەنار بۆ دەریا توانای ئەوەی هەیە کە زەبرێکی قورس لە لایەنی بەرانبەر بدات بەڵام بەهیچ شێوەیەك توانای سەربازی لە دەرەوەی کەنداو نییە، لەبەر ئەوەی کەشتی و فرۆکەهەڵگری نییە و ژمارەی کەشتییەکانی ئێران زۆر کەمتر لەوەیە کە بتوانێ عەمەلیاتێك لە دەریای سوور ئەنجام بدات چ بگات بە دەریای مەدیتەرانە! پێویستە بگوترێ لاوازی زۆری هێزی ئاسمانی ئێران لە هەر شەڕێکی شیمانەیی دەبێتە هۆی سەرکەوتنی عەرەبستان و ئیمارات لە ماوەی چەند ڕۆژدا لە دەریا و هەروەها پێویستە بگوترێ زۆربەی ژێردەریاییەکانی ئێران کە دروستکراوی پیشەسازی سەربازی نێوخۆیی ئێرانن لە ئاستێکدا نین کە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە گۆڕانکاری گۆڕەپانی شەڕ دابنێن و ژێردەریاییەکانی دیکەی ئێران لە بەرانبەر هێرشە ئاسمانییەکان و کەشتییەکانی لایەنی بەرانبەر زۆر لاواز و خەسارهەڵگرە و لەشەڕێکی نێوانماوە یان درێژخایەن بەهۆی زاڵبوونی هێزی ئاسمانی عەرەبستان توانای درێژەدان بە مەئموریەتی نییە لەبەر ئەوەیکە هیچ پایەگایەکی دەریایی بۆ پشتیوانی ژێردەریاییەکان نامێنێتەوە، هێزی مووشەکی ئێران کە زۆر زیاتر لە عەرەبستانیشە توانای گۆڕینی چارەنووسی شەڕ بەتایبەت لە شەڕێکی نێوانماوە یان درێژخایەنی نییە لەبەر ئەوەی ژمارە و وردبینی مووشەکە ئێرانییەکان لە ئاستێکدا نییە کە کەمووکوڕییەکانی هێزی دەریایی قەرەبوو بکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە سیستەمە دژە مووشەکییەکانی پاتریوتی عەرەبستان توانای لەناوبردنی بەشێك لە مووشەکە هاوێژراوەکانی ئێرانی هەیە، هەرچەند ئێران لە هێندێك بواردا وەك شەڕی سایبێری توانای زەبرلێدان لە لایەنی بەرانبەری هەیە و تەنانەت مووشەکە ئێرانییەکانی شەهابی ٣ و سجیل دەتوانن زەبرگەلێك لە ژێرخانە ئابوورییەکانی عەرەبستان وەك سەنعەتی نەوتی ئەو وڵاتە بدەن بەڵام ئێران زۆرترین زەرەر لە هەر شەڕێکی گریمانەیی دەکا و خەسارە ئابوورییەکانی وەها شەڕێك بە ڕێژەیەك زۆر دەبێ کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئێران تووشی قەیرانی ئابووری و بێکاری و هەژاری لەڕادەبەدەر دەکا و هیچ دەسکەوتێکی لە بواری سەربازی و سیاسی بەدەست ناهێنێ.

شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل: ئەرتەشی ئیسرائیل کە لە شەڕە کلاسیکەکاندا زۆر سەرکەوتووانە جووڵاوەتەوە بەڵام لە شەڕ لەگەڵ گرووپە میلیشیاییەکان کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرێ ڕووبەڕووی کێشەی جیددی بووەتەوە و ئێستایش ئێران دەیان هەزار لاوی شیعەی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان وەك ئەفغانییەکان لە سووریە ڕێکخستووە و هێزەکانی سپای پاسداران بەشێوەی ئاشکرا لە سووریەدان و تەنانەت هێندێك هەواڵ باس لەوە دەکەن کە ئێران هەوڵی دروستکردنی مووشەك لە نێوخۆی سووریە دەدا، بێگومان ئیسرائیل بوونی ئێران لە سنوورەکانی خۆی قەبووڵ ناکا و ئەگەر ئێران لە سووریە نەچێتە دەرەوە ئەگەری پێکدادان لەگەڵ ئیسرائیل هەر کات لەئارادایە. لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ و پەرچەکرداری حیزبوڵڵای لوبنان و مووشەك هاوێژی بۆ سەر شارەکانی ئیسرائیل وڵامدانەوەی ئەرتەشی ئیسرائیل جیاواز دەبێ لەگەڵ شەڕەکانی پێشوو و لەم دەرفەتە زۆرترین کەڵك وەردەگرێ بۆ ڕیشەکێش کردنی گرووپە میلیشیایی و توندڕەوەکان لە نزیك خۆی یان لانیکەم وەشاندنی خەسار و زەبری قوورس لێیان.

لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ ڕەنگە هەر دوولا بە هۆکارگەلی زۆر تەنیا لە چوارچێوەی سووریە و لوبنان شەڕ بکەن بەڵام لە ئەگەری بەربڵاوبوونی هێرشە ڕاکێتییەکانی گرووپ و میلیشیاکان بۆ شارەکانی ئیسرائیل ئەگەری زۆری هەیە کە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر ئامانجگەلێك لە خاکی ئێران؛ لە خراپترین سیناریۆ و ڕوودانی شەڕێکی بەربڵاو ئێران تەنیا بە مووشەك و ڕاکێت دەتوانێ هێرش بکاتە سەرخاکی ئیسرائیل کە بوونی دەیان جۆر سیستمی دژەمووشەکی و دژە ڕاکێتی ئیسرائیل بەشێکی زۆر لەم هێرشانە پووچەڵ دەکاتەوە بەڵام ئێران توانای پووچەڵکردنەوەی هێرشە مووشەکییەکانی ئیسرائیلی بۆ سەر خاکی خۆی نییە و تەنانات فرۆکە ئیسرائیلییەکان دەتوانن هێرش بکەنە قووڵایی خاکی ئێران و هێزە ئاسمانییە لاوازەکەی ئێران نەتەنیا توانای پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانی خۆی نییە بەڵکوو توانای بەرگری لە ئاسمانی ئێرانیشی بەشێوەی کاریگەر نییە، بە هۆکارگەلی سەربازی و سیاسی هەرجۆرە شەڕێك لە نێوان ئەم دوو وڵاتە کورت خایەن دەبێ و ئیسرائیل لە خراپترین حاڵەتدا چەند هەزارکەس لە هاونیشتمانییەکانی دەبنە قوربانی هێرشە مووشەکی و ڕاکێتییەکان و زەبرێکی جیددی وەبەر هێزی سەربازی و ئابوورییەکەی دەکەوێ بەڵام ڕوودانی وەها شەڕێك بۆ ئێرانیش هەم لە سۆنگەی سیاسی و هەم ئابووری و هەمیش سەربازی زۆر پڕتێچوو دەبێ و ئێران بە لەدەستدانی بەشێکی گەورە لە پاشکەوتی مووشەکەکانی و گرفتەکان بەهۆی شەڕ لە بەرانبەر عەرەبستان و ئیمارات دەکەوێتە حاڵەتی لاوازییەوە، شەڕی ئێران و ئیسرائیل کاریگەرییەکی نەرێنی زۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێ و بەستێنی هێرشی عەرەبستان و تەنانەت تورکییە بۆ سەر ئێران خۆش دەکا.

ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەیەکی بێگەڕانەوەدا ڕێگە دەبڕێ، ڕێژیمی ئیدۆلۆژیکی ئێران بێ پێکهێنانی هیلالی شیعە و پەرەدان بە توندئاژۆیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست توانای پاراستنی خۆی لە نێوخۆی ئێراندا نییە و لە لایەکی دیکەوە قووڵایی ئیستراتژیك و ئامانجە سیاسییەکانی ڕێژیم زۆر گەورەترە لە توانا ئابووری و سەربازییەکانی ئێران و بە تەواوەتی ڕوونە کە بۆچی ڕێژیم بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازی سەربازی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی بەشوێن چەکی ناوکییەوەیە! هەرچەند ئەگەری کەمی هەیە کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران واز لە ئارمانجەکانی خۆیان بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بێنن بەڵام درێژەکێشانی ڕەوتی هەنووکەیی بێجگە لە شەڕ و ماڵوێرانی هیچی بەدواوە نابێ و هەر بەو شێوەیە کە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق بە تایبەت شەش ساڵی کۆتایی شەڕ هیچ دەسکەوتێکی بۆ لایەنەکانی شەڕ نەبوو، ڕوودانی هەرجۆرە شەڕێك بێجگە لە ماڵوێرانی و دواکەوتوویی ئابووری هیچ دەسکەوتێکی نابێ و زۆرترین زەرەر و ئازار وەبەر خەڵکی ئێران دەکەوێ، شایانی باسە لەم لێکدانەوەیەدا هێزی سەربازی ئامریکا و ئینگلیس و فەرانسە وەك هاوپەیمانی وڵاتانی ناوچە لەبەرچاو نەگیراوە و بێگومان هێرشی ئێران بۆ سەر شارەکانی ئیسرائیل یان شەڕی نێوانماوە یان درێژخایەن لەگەڵ عەرەبستان کە دەبێتە هۆی بەسترانی گەرووی هورمۆز پەرچەکرداری سەربازی ئامریکا و ڕەنگە میسر و ئۆردۆن و وڵاتانی عەرەبی لێدەکەوێتەوە و بلقی قووڵایی ئیستراتژیکی ڕێژیمی ئێران زۆر خێراتر دەتەقێتەوە.



# چەوسانەوەی نەتەوەیی (نەتەوەی کورد) لە ئێران، لە ڕوانگەی بیردۆزی ڕەخنەگرانەی تێکنۆلۆژییەوە

ناسر ڕەسووڵ نژاد

## پێشەکی:

تێکنۆلۆژی یەکێک لەو بابەتە گرینگانەیە کە سرنجی بیرمەندانی لە پێوەندی لەگەڵ پێشهاتەکانی بۆ سەر خۆی ڕاکێشاوە. تێکنۆلۆژی بەشێوەی گشتی کاریگەرییەکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە خۆی دەرخستووە، دیاردە یان دەرکەوتەکانی ئەو کاریگەرییانە دەکرێ وەک دەرکەوتەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لە درێژەی ئەو باسەدا گرینگی سیاسەتی تێکنۆلۆژی لەمەڕ پێشهات و دەرکەوتەکانی، هەروەها باس لە سیاسەتی تێکنۆلۆژی لەلایەن بڕیار بە دەستان دێتە ئاراوە. پێڵی هەواییەکانی نیۆیۆرک و ئامانجەکانی ئەو پێڵانە لەو نموونانەیە کە دەریدەخات کاربەدەستانی تێکنۆلۆژی، تێکنۆلۆژی بۆ مەبەستگەلێکی پیلان بۆ داڕێژراو کاناڵیزە دەکەن.

بابەتی بەردەست، باس لە ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە دەکات کە لە دەسپێکی حکومەتی مۆدێرن لە ئێران چەوسانەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە سیاسەتە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران ڕەنگی داوەتەوە و بەو ئاراستەیەشدا ئەو سیاسەتە تا ئێستا درێژەی هەبووە، و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی بۆ بەرەوپێش چوونی سیاسەتی سڕینەوە و ژێردەست مانەوەی نەتەوەی کورد لە ئێران و لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە باس دەکرێت.

"بیردۆزی ڕەخنەگرانەی تێکنۆلۆژی"، سەردێری ئەو بابەتەیە کە "ئەندرۆ فینبێرگ" بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە کاری هێناوە. ئەندرۆ لەو بڕوایەدایە کە ناکرێ تێکنۆلۆژی وەک بابەتێکی شەیتانی سەیر بکرێ و هەروەها لەو بڕوایەدایە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بەشێوەی ئێستا کێشە دەخوڵقێنێ. ئەندرۆ لە درێژەی ئەو تێزەدا دەڵێ: تێکنۆلۆژییە جیاوازەکان لە شاکیلەی خۆیاندا هەڵگری بەها(ئەرزش)ی تایبەت بە خۆیانن. بەڵام بەهۆی نادیموکرات بوونی پرۆسەی گەڵاڵە کردن، گەڵاڵەکان زۆربەی زۆریان بە شێوەیەکی پیلان بۆ داڕێژراو، بۆ بەرەوپێش بردنی بەهاکانی چینی زاڵ – نەتەوەی زاڵ (ئاماژەی نووسەر) - دادەڕێژرێن. لە بابەتی بەر دەستدا بە کەڵک وەرگرتن لە بیردۆزی فینبێرگ سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران بەپێی ئیدۆلۆگی ئێرانی – شیعی لەهەمبەر نەتەوەی کورد دەخەینە بەر خوێندنەوە و شیکاری بۆ دەکەین، تاکوو بۆمان ڕوون بێتەوە لە ناوەندە گەڵاڵەداڕێژەکانی تاران بە کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد بۆ ئێستا و داهاتوو دەکرێ.

وشە سەرەکییەکان: سیاسەتی تێکنۆلۆژی، چەوسانەوە لە ڕێگای تێکنۆلۆژی، بیردۆزی ڕەخنەگرانەی تێکنۆلۆژی

## سەرەتا

تێکنۆلۆژی وەک بابەتێکی هەڵگری بەها

ئەندرۆ فینبێرگ لە بیردۆزی ڕەخنەگرانەی تێکنۆلۆژیدا باس لەوە دەکات، کە تێکنۆلۆژییە جیاوازەکان لە هەیکەلەی خۆیاندا هەڵگری بەهای تایبەت بە خۆیانن، بەڵام بەهۆی نادیموکرات بوونی پرۆسەی گەڵاڵە کردن، گەڵاڵەکان زۆربەی زۆریان بەشێوەیەکی مەبەستدار، بۆ بەرەوپێشبردنی بەهاکانی چینی زاڵ – نەتەوەی زاڵ (ئاماژەی نووسەر) - دادەڕێژرێن.

دیزاینی پێڵەکانی شاری نیۆیۆرکی کۆن، نموونەیەکی باشن بۆ ئەوەی چۆنییەتی تێوەگلانی بەهاکان لە پرۆسەی دیزاین ئاشکرا بێت. لەو گەڵاڵەیەدا پێڵەکان بە بڵێندایی کەم بەمەبەستی پێشگرتن لە هاموشۆی پاسەکانی شار داڕێژرابوون تاکوو لە ڕێگای ئەو پێڵانەوە چینی هەژاری کۆمەڵگە کە بۆ هاتوچۆ لەو پاسانە کەڵکیان وەردەگرت نەتوانن بۆ ئەو بەری پێڵەکان یان کنارێنەکان بگەن. هەرچەند لەو نموونەیەدا دەستێوەردانی بەهاکان لە هەڵبژاردنی ئەو پلانەدا بەبەراورد لەگەڵ پلانەکانیتردا بە ڕوونی دیارە، بەڵام لە زۆربەی پلانەکانی هاوشێوەدا لە نیگای یەکەمدا ناتوانرێ شوێنپێی بەهاکان بە ڕوونی وەبەرچاو بکەوێ و لە زۆربەی پلانەکاندا وا دەردەکەوێ کە ڕەچاوی بابەتی تێکنیکی کراوە نەک بەهایەکی دیاریکراو. بۆ نموونە ئەوڕۆکە دیزاینی کەرەستەی کار، بەپێی قەد و قەوارەی دەستی کەسە گەورەکان بابەتێکی ئاسایی دێتە بەرچاو، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم جۆرە دیزاینە تەنیا پشت ئەستوورە بە پێوەرە زاڵەکانی کۆمەڵگا کە لەمێژ ساڵە منداڵی لە کاری پیشەیی دور خستۆتەوە و تەنیا لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و دەستداگرتن بە سەر چۆنییەتی ئاڵوگۆڕی کەرەستەکان دەتوانین ئاسایی نەبوونی پلانگەلێکی لەم شێوەیە ئاشکرا بکرێت.

فینبێرگ، بە کەڵکوەرگرتن لە تێزی Underdetemination ڕوانگەی خۆی لە هەمبەر بوون و لێکهەڵپێکانی بەهاکان لە پرۆسەی دیزاین باشتر ڕون دەکاتەوە. بەپێی ئەو تێزە لە فەلسەفەی تێکنۆلۆژی کە هاوتای تێزی دەئیم-کواین لە فەلسەفەی زانست ئەژمار دەکرێ، تێبینییەکانی تێکنیکی لە خۆیدا بۆ خوێندنەوەی ڕواڵەتی دیزاینی تێکنیکی بەس نییە. دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگیرێ کە ئەوە بەو مانایە نییە کە لە دیزایندا مەرجەکانی تێکنیک ڕەچاو ناکرێت. لە پلانی سەرکەوتوودا مەرجەکانی تێکنیک ڕەچاو دەکرێ و بابەتەکە لە سەر ئەوەیە کە پلانی جیاواز دەتوانێ هەڵگری ئامانجی هاوشێوە بێت و بێ ئەوەی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و باوەڕپێکراو بۆ هەڵبژاردنی ئەو پلانە لە چاو پلانەکانیتردا بوونی هەبێت؛ لەو ڕوویەوە هەڵبژاردنەکانی تێکنیکی تەنیا لە چاویلکەی مەرجەکانی تێکنیکەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ ناکرێت و بەهاگەلێک کە جێگای سرنجی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگان، وەکوو کەسانی خاوەن هێزی ئابووری، ڕێبەرانی سیاسی، کڕیارانی کەرەستە تێکنیکییەکان، تێکنیسییەنەکان، بۆروکراتەکان و هتد دەبنە هۆی هەڵبژاردنی پلانێک لە نێوان کۆمەڵێک پلاندا. بەو پێیە هەر پلانێکی هەڵبژێردراوی تەکنیکی، لە شاکیلەی خۆیدا هەڵگری بەهاگەلێکە کە جێگای سرنجی کەسانێک یان گرووپگەلێکن کە لە دیزایندا بەشدارن.

کێشە و گرفتەکانی شێوازی تێکنۆلۆژیکی باڵادەست

هەر وەک ئاماژەمان پێدا، بەپێی بیردۆزی ڕەخنەگرانەی تێکنۆلۆژی، تێکنۆلۆژییە جیاوازەکان لە شاکەلەی خۆیاندا هەڵگری بەهاگەلێکن. بەڵام بەهۆی نادیموکراتبوونی پرۆسەی دیزاین و گەڵاڵەداڕشتن، پلانەکان بەشێوەیەکی پیلان داڕێژراو و مەبەستدار بۆ بەجێگەیاندنی بەهاکانی چینی باڵادەست – نەتەوەی باڵا دەست (نووسەری بابەتەکە) کاریان لە سەردەکرێت.

فێنبێرگ لەو بیردۆزییەیدا لە نێوان دوو شێوە لایەنگری جیاوازی دادەنێت، لایەنگری زاتی Substantive Bias)و لایەنگری ڕواڵەتی) Formal Bias (؛ لایەنگری زاتی بریتییە لە بەشداری هەست و پێشداوەری و دەمارگرژی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی دیزاین، بە جۆرێک کە بەشداری دەمارگرژییەکان لە ڕوانگەی عەقڵانیی دیزاینەوە، جێگای پرسیارە. ئەو شێوە لایەنگرییە کێشەی تەکنیکی دیزاینی لێدەکەوێتەوە. هەرچەند لایەنگری زاتی لە پرۆسەی دیزایندا دەکرێ ڕوونەدات، بەڵام هاوتا لەگەڵ لایەنگری زاتی لایەنگری تریش بوونی هەیە. تێکنۆلۆژییەکان تەنانەت ئەگەر بەپێی پێوەری تەکنیکی بەشێوەیەکی عەقڵانی و ڕێک و پێک دیزاین کرابێ، لە شاکەلەی خۆیاندا هەڵگری جۆرێکیتر لە لایەنگرین کە فێنبێرگ بە لایەنگری ڕواڵەتی ناوی بردووە. بۆ نموونە دیزاینی کەرەستەکانی تەکنیکی بەشێوەیەک کە کەسە ڕاستدەستەکان ئاسانتر دەتوانن کەڵکی لێوەر بگرن بە مانای جۆرێک لە لایەنگری لە دیزاینی ڕواڵەتی ئەو کەرەستانەیە. هەر ئەو جۆرەی کە باسمان کرد لە دیزاینی کەرەستەی جیاواز، نموونەگەلێکی جیاواز بوونیان هەیە کە گشتیان پێوەرەکانی تەکنیکی تێیاندا ڕەچاو کراوە بەڵام هەڵبژاردنی نێوان بژاردەی جێگورک بەپێی بەها زاڵەکانی شێوازێک کە دیزاین تێیدا گەڵاڵەی بۆ داڕێژراوە دێتە ئاراوە.

ئەو بەهانە بەو پێیەی کە بەستێنەکانی دیزاین ئەمڕۆکە نادیموکراتیکن، تەنیا ڕەنگدانەوەی خواستی چینی باڵادەستی پێوە دیارە و بەو هۆیەوە جۆرێک لایەنگری لە دیزاین دێنێتە ئاراوە. ئەو جۆرە لایەنگرییە لە ڕێگای بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەر کەرەستەکاندا دەسەپێت و وەک لایەنی شاراوە خۆی دەردەخات. ئەو جۆرە لایەنگرییە، نایەکسانی و شێوەگەلی جیاوازی چەوساندنەوە لە کۆمەڵگا دێنێتە ئاراوە. لە نموونەی دیزاینی پێڵەکانی شاری نیۆیۆرک کە ئاماژەی پێکرا، لایەنگری دیزاین بە شێوەیەکە کە خەڵکی هەژار دەستیان بە هەندێک ناوچەی شار ڕانەگات. لە ڕێگای ئەو جۆرە لایەنگریانەوەیە کە بەستێن بۆ بە ئامانج گەیاندنی بەهاکانی چینی باڵادەست یان نەتەوەی باڵادەست بۆ چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی مرۆڤ خۆش دەکات.

ئێران و هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی

هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی ڕێگایەکی شیاوە بۆ بەدەستهێنانی تێکنۆلۆژیی سەردەم. هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی لە سیاسەت و بەرنامەی گشت وڵاتانی گۆی زەوی بوونی هەیە و لەوانەش وڵاتانی جیهانی سێهەم یان وڵاتانی دواکەوتوو کە لە نەبوونی توانای باش بۆ وەدەست هێنان و گەیشتن بە تێکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان، ناچار پەنا بۆ وڵاتانی پیشکەوتوو لە بوارە جیاوازەکاندا دەبەن و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی دەبەن. ئێران بەو پێیەی کە لە بواری پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی لە بوارە جیاوازەکاندا لە ڕیزی وڵاتانی دواکەوتوو دێتە ئەژمار بەکەڵکوەرگرتن لە شێوەی هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی سەردەم بەتەمای پڕکردنەوەی فەزای نێوانیەتی لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان. بەڵام بابەتی هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی بەو ساکارییە نییە و لە دونیای ئەمڕۆدا وەک زانستێک سەیری ئەو پرۆسەیە دەکرێت و هەروەک ئاماژەمان پێدا هەر تێکنۆلۆژییەک لە ناخی خۆیدا هەڵگری بەهاگەلێکە و هاوردەی ئەو تێکنۆلۆژییە بە مانای هاوردەکردنی ئەو بەهاگەلە دێت؛ لێرەدایە کە بەپێی ئیدۆلۆژیک بوونی حکوومەتی ئێران، ئەو بابەتە بۆ ئێران مەترسیدارە، لێرە مەبەست باس کردن لەو مەترسییانە نییە و بە بابەتەکە مەجالی دەستداگرتن لە سەر ئەو گرفت و پرسانەمان ناداتێ. تێکنۆلۆژی هاوردەکراو کە لە فیلتێری ئیدۆلۆژی سیستمی دەسەڵاتداری تێپەڕ بووە، دەخرێتە بەردەست تاکوو لە شوێنی خۆی کەڵکی لێوەربگیرێت. لە درێژەی پرۆسەی هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی بۆ فیلتێر و کاناڵیزەکردنی تێکنۆلۆژی لەلایەن حکومەتەوە تیشک دەخرێتە سەر قورسایی و هەڵسەنگاندنی تێکنۆلۆژی، کە بە واتای بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی هەناردەکراوە بەشێوەیەک کە بتوانێ بەپێی هەلومەرج و ڕەوشی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ناوچەیی و ... دەرکەوتە وکاریگەری باشی لە سۆنگەی دەسەڵاتدارانی ئێرانییەوە هەبێت.

چەوسانەوەی نەتەوە ژێردەستەکان (کورد) لە ئێران

لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانی زانکۆی عەلامەی تاران کە لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پەرلەمانی ئێرانە، خەریکی باسکردنی هاوردەکردن و هەڵسەنگاندنی تێکنۆلۆژی و سیاسەت و پیلانداڕێژی حکومەت لەو بوارەوە بووین، بۆ گرینگی ئەو باسە نموونەی کوردستانی هێنایەوە، نموونەی پیلانداڕێژی دەسەڵات بۆ کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی سەردەم لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگای وزەی خۆری هێنایەوە. شیکاری ڕەچاوکردنی گشت هۆکارگەلی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ناوچەیی و ... بۆ سەنگ و سووککردنی تێکنۆلۆژی هاوردەکراوی خستە بەر باس و بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە گوتی بۆ نموونە کەڵک وەرگرتن لەو تێکنۆلۆژییە لە کوردستانی ئێران بە ڕەچاوکردنی هۆکاری سیاسی – کۆمەڵایەتی زۆر هەستیارە و دەبێتە هۆی سەربەخۆیی لە بواری کارەبا و ...، ئەوەش بەمانای بێ‌منەتی لە ناوەند یان ناوچەکانیتر دێت کە دەبێتە هۆی ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشبینینەکراو کە بە زیانی هێز لە ناوەند دەشکێتەوە، بۆیە هەڵسەنگاندن یان سەنگوسووککردنی تێکنۆلۆژی هاوردەکراو گرینگی هەیە و دەبێ گشت بابەتەکان لە گشت سۆنگەیەکەوە ڕەچاو بکرێت. ئەو نموونەیە کە باسمان لێکرد ئەزموونی زیندوی نووسەری ئەو دەقەیە لەگەڵ یەکێک لە تێکنۆکراتەکانی دەزگای پیلانداڕێژی و سیاسەتداڕێژی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەو بوارەدا یەکێک لە شوێندانەرترین کەسانێکە کە لە زانستی سەنگوسووک یان هەڵسەنگاندنی تێکنۆلۆژیی لە ئێران کار دەکات.

بەڕێز "بایزید مەردۆخی" کە یەکێک لە تاقە کوردەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی حکوومەتی ناوەندییە کە لە بابەتێکیدا بەم شێوەیە باس لە ڕەوشی پێشنکەوتنی ناوچەی کوردستان – ئێران دەکات؛ هۆکارێک کە لە چوارچێوەی مانای کلاسیکی دەستەواژەی ناوچە بۆتە هۆی گەشەنەکردنی هەندێک ناوچەی ئێران، بریتییە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی، مێژوویی کە لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکانەوە پەیڕەو کراوە و سەرەڕای ئەوەیکە سەرچاوەی پێویست بۆ گەشەکردن لەو ناوچانە بوونی هەیە بەڵام بەهۆی دەمارگرژی و ڕەشبینی ناوەند ئەم ناوچانە گەشەنەکراو ماونەتەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە ناوچەی کوردستان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە دەکرێ بۆ گەشەی ئەو ناوچە و تەنانەت بۆ گەشەی ناوچەکانی دەوروپشتی بە قازانج بێت.

لە درێژەی ئەو باسەدا دەکرێ بڵێین، تێکنۆلۆژی و ڕێکارەکانی بەرهەمهێنان لە هەورامان لە گشت بەشەکاندا (باخەوانی، ئاژەڵداری، پیشەی دەستی، پیشەسازی پائەفزاری دەستی، پیشەی‌دار، دەرمانی گیایی و پزیشکی سوننەتی و سەنعەتی خواردن و ...)، هەر چەند نیشانەی بوونی هەڵکەوتوویی مێژوویی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێت و هێشتاش بە شێوەیەکی سوننەتی وەک خۆی کەڵکی لێوەردەگیرێ کە مانەوەی ئەو تێکنۆلۆژییانە ئەرکێکە لە سەرشانی گەڵاڵەداڕێژان. بەڵام بۆ بەردەوامی ئابووری ئەو ناوچەیە پێویست بە چێ‌کردن وگەشەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نوێ هەیە کە بۆ ئەم مەبەستەش کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیگەلێکی نوێ و سەردەمیانە کە هێشتا لەو ناوچەیە بوونی نییە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

سەنگوسووککردنی تێکنۆلۆژی بەدەستی کاربەدەستانی ئێران بۆ بەرەوپێشچوونی گەڵاڵەکانیان کە بەپێی ئیدیۆلۆژی ئیسلامی شیعی هاوکات چەوسانەوەی نەتەوەیی لە ژێر ڕکیفی قەومی باڵادەست لە گشت بوارەکان کە تێکنۆلۆژی تێیاندا دەستێکی هەیە بەرچاو و ڕوونە. لە نموونەی کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی وزەی‌خۆر و با بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، ئامارەکان باس لە هەڵاواردنێکی بەرچاوی ناوچەی کوردستان و بەلووچستان بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانیتردا دەکەن. ڕێژەی وەبەرهێنان لە کوردستان و بەلووچستان لەو بوارەدا بەپێی توانای ناوچەیی و زاتی لە ئاستێکی زۆر کەمدایە، بەشێوەیەک کە تەنانەت هەندێک لە کاربەدەستانی ناوەند بەهۆی گوشاری چالاکوانانی ئەو دەڤەرانە ڕێژەی هەڵاواردنی ناوچەی ئاماژەپێکراویان نەشاردۆتەوە. ترسی سەربەخۆیی لە بەرهەمهێنانی وزە بێ‌گەڕانەوە بۆ ناوەند یان ئەو ناوچانەی کە بیرۆکە و عەقلیەتی ناوەندیان تێدا ئاشکرایە، باشترین نموونەیە بۆ تێزی فێنبێرگ کە لەڕێگای تێکنۆلۆژییەوە سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران درێژەی پێ دەدرێ.

بابەتێکی تریش کە لەم ساڵانەدا باسی لە سەر دەکرێ و بەجۆرێک بۆتە ڕۆژەڤی سەرەکیترین ناوەندەکانی هێز لە ئێران، بابەتی ئاوە. تێکنۆلۆژی بۆ چێ‌کردنی بەنداو و ڕاگواستنی ئاوی هەندێک ناوچە بۆ ناوچەکانیتر ئەرکی سەرەکی هەیە. حکومەتی ناوەندی یان بەواتایەکیتر چەمکێک پێکهاتوو لە زمان و کولتور و مێژوو و مەزهەبی نەتەوەی باڵادەست بۆ کەڵکوەرگرتنی تەواو لە سەرچاوە سرووشتییەکانی ئێران کە لە خاکی نەتەوە ژێردەستەکاندایە، لەڕێگای فکری و ئایدیاییەوە خەریکی قەناعەت پێهێنانە کە ئێران یانی کۆمەڵێک نەتەوەی جیاواز و لەڕێگای ساختەکاری لە مێژوودا خەریکی سەمپاشی فکرییە و لە ڕێگای تێکنۆلۆژی هاوردەکراو و کاناڵیزەکردنی، هەنگاو بۆ ڕاگواستنی سەرچاوە سرووشتیەکانی ناوچەی نەتەوە ژێردەستەکان بۆ ناوچەگەلیتر کە لەبواری زمانی، ئیدئۆلۆژی و فکرییەوە لە عەقلییەتی حکومەتی ناوەندی نیزیکایەتیان هەیە دەدات کە ئەو بابەتە بووەتە هۆی خەسارەتێکی گەورە بە ژینگە و کەم بوونی لەڕادەبەدەری سەرچاوە سرووشتییەکانی ئەو ناوچانە و درێژەی ئەو سیاسەتە بەکەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی سەردەم دەبێتە هۆی مەترسی گەورە لە داهاتووی ژیان لەو دەڤەرانەدا.

جیا لەو نموونانە نموونەی تر بۆ ترسی فێنبێرگ لە تێکنۆلۆژی بۆ نموونەی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

هیوا میرزایی

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان لە نرخی بێکاریدا میداڵی زێڕی وەرگرت



مرۆڤ لەوەتەی هاتووەتە سەر گۆی زەوی هەوڵی ئەوەی داوە، گوزەران و باری ژیانی خۆی بەچەشنێك بڕەخسێنی کە چێژ لە ژیان ببا و بژیوی ژیانی خۆی دابین بکا و هەر ئەم ئارەزوو و ئامانجە وای لە مرۆڤ کرد کە قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی گەشەی شارستانییەتەکان بدا و ئەم گەشەکردنە هەلی زۆرتری بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە کە بتوانێ خۆی لە نێو کۆمەڵگادا زیاتر ببینێتەوە و لە بواری ئابووریشەوە بتوانێ پیشەی گونجاوی خۆی هەبێ و لەم ڕێگەیەوە باری گوزەران و بژیوی ژیانی خۆی دابین بکا.

بەڵام گەشەی شارستانییەتەکان و بە پیشەیی بوونی وڵاتان بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە خاوەن بەڕێوەبەرییەکی پسپۆڕ و دادپەروەرانە نین بووەتە هۆی بیچمگرتنی جیاوازی چینایەتی و هەڵاواردن ئابووری لە نێو کۆمەڵگا و دابەش نەبوونی داهاتی نەتەوەیی و نەبوونی سەرمایەگوزاری دروست و لێزانانە لەو وڵاتانە.

ئێران وەك وڵاتێکی دەوڵەمەند لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و بوونی حەشیمەتێکی گەنج دەیتوانی یەکێك لەو وڵاتانە بێ کە لە بواری ئابووری و پێکهێنانی هەلی کار بۆ خەڵکی وڵاتەکەی پلەیەکی بەرزی هەبێ و بوار و ژیانی خەڵکی ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر گونجاو بێ بەڵام بەداخەوە وەك دەبینین بووەتە یەکێك لەو وڵاتانەی کە تووشی قەیرانێکی ئابووری قووڵ بووە و سەرمایە و داهاتی ئێران لە ژێر کونترۆڵی بەشێکی کەم لە خەڵکی ئێران دایە و جیاوازییەکی بەرچاوی چینایەتی لە ئەمڕۆی ئێراندا بەرچاوە و هێڵی هەژاری تا بێت زیاتر خەڵکی ئێران دەخاتە بازنەی هەژاری و بێکاری و ماڵوێرانییەوە.

"عەبدولڕەزا ڕەحمانی فەزڵی" وەزیری نێوخۆی ڕێژیمی ئێران دەڵێت لە کاتێکدا نێونجی ڕێژەی بێکاری لە ئێراندا ١٢ لەسەد ڕاگەیەندراوە بەڵام لە هێندێك لە شارەکاندا ئەم ڕێژەیە گەیشتووەتە ٦٠ لەسەد. بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری خۆی هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی دەیان نەخۆشی و دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی وەك دزی، تەڵاق، بازرگانی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و خەمۆکی، لە وڵاتدا.

ئەوەی لە ئاماری وەزیری نێوخۆی ئێراندا چاوەڕوان دەکرا وەك ساڵانی پێشوو ئاستی بەرزی بێکاری لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە ئامارەی ئەمساڵیشدا ئەو ٩ شارەی کە بەرزترین پلەکانی بێکاریان تۆمارکردووە شارەکانی ڕۆژهەڵاتن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە شێوەی سیستماتیك و بەرنامەداڕێژراو هەوڵی ئەوەی داوە کە لە بواری ئابووریدا هاوتەریب لەگەڵ بوارەکانی دیکە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەمارۆ بدات و سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژهەڵات هەم لە بواری ژێرخانی ئابووری و هەمیش کشتوکاڵ وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەڵام بە سەرمایەگوزاری نەکردن و دروست نەکردنی کارگە و هەلی کاری باشتر ڕۆڵی هەبووە لە دواکەوتووی ئابووری لە ڕۆژهەڵات. نەبوونی هەلی کار و بواری گوزەرانی خراپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وایکردووە کە بەشێکی خەڵك بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان ڕوو بکەنە کاری مەترسیدار و تاقەت پڕۆکێنی کۆڵبەری کە زۆرجار بەهۆی تەقەی ڕاستەخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەکوژرێن و بەپێی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا لە ساڵی ڕابردوو ١٥٤ کۆڵبەر بەهۆی ڕووداوەکانی تەقەکردن، تەقینەوەی مین و سەرما و ... بوونەتە قوربانی.

کۆماری ئیسلامی بەبیانوی بوونی بزووتنەوەیەکی مافخوازی و بەردەوامبوونی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەماوەی تەمەنی خۆیدا بەچاوێکی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستانی کردووە و بە دواکەوتوو هێشتنەوەی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە لای خەڵك وانیشان بدا کە ئەوە شێلگیربوونی ئێوە و پشتیوانی ئێوە لە هێزە سیاسییەکانە کە بووەتە هۆی دروستبوونی کەشی ئەمنیەتی لە کوردستان و نەڕەخسانی هەلی کار و بژێوی گونجاو بەڵام بەخۆشحاڵیەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەجوانی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە و دەزانن ئەوان بە تاوانی کوردبوونە کە لە بواری ئابوورییەوە دەچەوسێنرێنەوە ئەگینا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان وازیان لە خەباتی چەکداری هێنابوو ئەدی بۆچی هیچ پێشکەوتنێك لە بواری ئابووری لە ڕۆژهەڵات ڕووی نەداوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بواری ژیان و گوزەرانی ئەوان بەرەو خراپتر بوون دەڕوا.

# شەڕی کورد و نەیارانی، شەڕی بەختەوەری و نەهامەتییە



جەماڵ فەتحی

"ئیبنی خەلدوون" زانای بەناوبانگی توونسی و کۆمەڵناسی نەتەوەی عەرەب لە سەدەی ١٤ی زایینیدا لە یەکێک لە کتێبەکانی بە نێوی "مقدمە ابن‌الخلدون" (پێشەکی کوڕی خەلدوون) باسی کاریگەرییەکانی شوێنی ژیان و جوغرافیا لە سەر ئاکار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات، بەپێی ئەو بیردۆزییە هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان ڕەنگدانەوەی سروشت و شوێنی ژیانیانە.

هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی و هێمای نەتەوەیی هەیە کە بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانە لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکرێنەوە. نەتەوەی کورد جیا لە خاڵە سەرەکییە پێناسەییەکان، خاوەن تایبەتمەندیی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە واتە شادبوونە، تەنیا کوردە دەتوانێت سەرەڕای ئەو هەمووە نەهامەتی و دەربەدەرییە کە بە سەریدا هاتووە، شادی و گەشاوەیی وەکوو بەشێک لە پێناسە و ناسنامەی خۆی تۆمار بکات و لەگەڵ ژیان و ژیانەوە بژیت، بزە و کەیف خۆشی لە ناخی تاکی کورد ڕیشەی داکوتاوە و خەم بە شادی بە با دەدات.

یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی شاگەشە بوونی کورد ئەوەیە کە لە کاتی شینگێڕی یان کاتە ماتەمینەکاندا بەپێچەوانەی زۆربەی نەتەوەکانی دەوروبەری بە جلوبەرگ و ڕەنگی شینە دەر دەکەوێت، تەنانەت وشەی شێنگێڕی لە وشەی "شین" (ڕەنگی شین) گیراوە و دواتر بە هۆی ئەوەیکە زۆربە لە بۆنە ماتەمینەکاندا لەم ڕەنگە کەڵک وەر گیراوە شین واتەی گریانیشی وە خۆ گرتووە، ئەمە لە حاڵێک دایە کە نەتەوەکانی دەراوسێی کورد لە کاتە ماتەمینەکاندا، ڕەنگی ڕەش کە ڕەنگی خەم و خەمۆکییە هێمای خەمباریی و ماتەمیانە.

یەکەم هۆکار لە بواری توێژینەوەی دەروونناسییەوە بۆ ئەم تایبەتمەندییەی نەتەوەی کورد ئەو بۆچوونەیە، کە شوێنی ژیانی کورد شوێنێکی خەمهەڵگر نییە و شادیبەخشە. ئەگەر دوژمنانی کورد زۆرینە ڕەنگی هێمایی و پێناسەیی‌یان ڕەنگی ڕەشە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوێنی ژیان و حەسانەوە و جوغرافیاکەیان شوێن و سروشتێکی ناڕەنگامەیە.

ئەگەر ناخی دوژمن لە هەمبەر کورد تەژی لە ڕق و تۆڵەیەکی بێ‌هۆیە و لە کاتی بە دیل گرتنی تێکۆشەرانی کورد بە نامرۆڤانەترین شێواز ئەشکەنجەیان دەدەن و دەیانکوژن، هەموو بۆ کاریگەرییەکانی شوێنی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای دوژمن دەگەڕێتەوە و ئەوەیکە بەپێچەوانە کورد لە گەڵ دیلەکانی دوژمن بە شیاوترین ئاکار و هەڵسووکەوت دەجووڵێتەوە و تەنانەت برینەکانیان سارێژ دەکەنەوە، ئەویش کاریگەرییەکانی سروشت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردییە.

شەڕی کورد و دوژمنان لە باری دەروونییەوە، شەڕی مێژوویی نێوان شادی و خەمە، چیرۆکی بەرخۆدانی سروشتێکی شاد و گەشاوە لە هەمبەر تەوژم و هێرشی خەم و ڕەنگی نەهامەتیی و ڕەش بۆ خۆ داسەپاندن بە سەر بەسەرهاتێکی لیپاولیپ لە کەرنەڤاڵ و شادییە.

ڕاستە بەسەرهات و چیرۆکی کوردستان خەمبارە و گەرووی هەر تاکێکی کورد ئاوازێکی ماتەمینی تێدا قەتیس کراوە، بەڵام شۆڕش لەم دەڤەرە بۆ سەروەر کردنی سپییەتی و ڕەنگی بەختەوەری و لاواز کردنی ڕەشایی و ڕەنگی نەهامەتییە، ئەو سترانە ماتەمینە لە هەڵبەستێکی دڵڕفێندا خۆی دەنوێنێت و تەنانەت بۆ دەربڕینی خەم و ئازارەکانیش پەنا بۆ شاخ و لقی درەختەکان، هاژەی بەفراو و خوڕەی ڕووبار ڕازێنەرەکانی سروشتی دڵڕفێنی نیشتمان دەبرێت و هاواری پەنگ خواردووی دێرین بە سیمایەکی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە، لە پێش چاوی یار و نەیاردا شانۆ دەگێڕێت.

کاتێک دوژمنانی دڵڕەش بە قەوارەیەکی نامۆ دەخزێنە ناخی سروشتی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئەو سروشتە دڵڕفێنە بە دووکەڵی ڕق و نفرەت تەماوی بکەن، لەگەڵ یەکەم هەنگاوەکانییان ئاڵا ڕەشەکەیان لە شارە ڕازاوەکانی کوردستاندا دەگێڕن و شەڕی نێوان ڕەش و سپی، شەڕ و خێر و خەم و شادی ڕادەگەینن. یەکەم کردەوەیان بۆ پاشەکشە کردن بە هێزی سپیی و خێر، ڕشتنی خوێنی جەنگاوەرە بزە لەسەر لێوەکانە. بۆ ئەوەی ورەی جەنگاوەرانی خۆڕەتاو تێک بشکێنن و سیمای ڕەشی خۆیان بشارنەوە، بە ناو و ناتۆرەی چەتە و دژبەرانی ئەڵڵا ناودێریان دەکەن و لە قامووسە ڕەشەکانیان ناویان تۆمار دەکەن.

## درێژەی لاپەڕەی ٦

ئێران لە هەمبەر نەتەوەی کورد زۆرە و لە هەر بوارێک کە تێکنۆلۆژی ئەرکێکی بۆ باشتربوونی ژیانی مرۆڤ لە سەر شان بێ، دەستی سیاسەتە مەبەستدارەکانی حکومەتی ناوەند بۆ زیاتر چەوسانەوەی نەتەوەی کورد بەرچاو و ڕوونە.

### کۆبەند

بەپێی تێزی د.هێرش قادری دژایەتی نەتەوەی کورد لە دەستپێکی هاتنی ئارییایەکان بۆ ناوچەی کوردستان دەستی پێکردووە و پاش ڕووخانی ئێمپراتوریەتی ماددەکان بەدەستی پارسەکان، بنەمای دەوڵەت لە سەر نکۆڵی کورد و ماڵی ئێران لە سەر نەبوونی کورد دامەزرا. هەر لە درێژەی تێزەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات کە لەوانەیە لە سەردەمانێکدا بەهۆی هێرشی تورک یان مەغۆڵەکان و ئیسلام، ئێران کەوتبێتە لێواری لەنێوچوون بەڵام درێژەی دەوڵەتداری لە سەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بووە و لە سەردەمی مۆدێرنیتەشدا ئەو بابەتە لە ڕێگای دەوڵەت نەتەوە کە چەمکێکی مۆدێرن بوو خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. ئێرانی مۆدێرن هاوشێوەی مێژوو لەسەر نکۆڵی نەتەوەی کورد داڕێژراوە و ئەو ڕەوتە تا ئێستا درێژەی هەیە و بە گۆڕینی حکوومەتەکان ئەو بابەتە هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. حکوومەتی ناوەندی ئێستا یان بە واتایەک حکومەتی پێکهاتوو لە چەمکی پارسی – شیعی بۆ چەوسانەوەی نەتەوەکانی ئێران لە تەواو کەرەستەکانی بەردەستی کەڵک وەردەگرێ. یەکێک لەو کەرەستانەی کە ئەمڕۆکە بۆتە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ وکەرەستەیەکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، کۆماری ئیسلامی بەپێی عەقڵییەتی نکۆڵی کردنی نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەت نەتەوەی کورد بۆ زیاتر چەوساندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان کەڵک لە تێکنۆلۆژی وەردەگرێ. ئەندرۆ فینبێرگ لە بیردۆزی ڕەخنەگرانەی تێکنۆلۆژی باس لەوە دەکات، تێکنۆلۆژییە جیاوازەکان لە هەیکەلەی خۆیاندا هەڵگری بەهای تایبەت بە خۆیانن. بەڵام بەهۆی نادێموکرات بوونی پڕۆسەی گەڵاڵەکردن، پلانەکان زۆربەی زۆریان بەشێوەیەکی مەبەستدار، بۆ بەرەوپێش‌بردنی بەهاکانی چینی زاڵ – نەتەوەی زاڵ (ئاماژەی نووسەر)- دادەڕێژرێن. حکومەتی ناوەندی بەپێی ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی تێکنۆلۆژی سەردەمی نییە، بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە هاوردەکردنی تێکنۆلۆژییە و بۆ هاوردەکردنی تێکنۆلۆژی و ڕێگری کردن لە گواستنەوەی بەهاگەلێک کە بەپێی وتەی فینبێرگ لە ناخی تێکنۆلۆژیدایە، پەنا دەباتە بەر سەنگ‌وسووککردن یان هەڵسەنگاندنی تێکنۆلۆژی (هەڵبەت ئەو پڕۆسەیە لە گشت وڵاتانی دونیا بوونی هەیە بەڵام بەپێی زانست تەنیا بۆ سەرکەوتنی هەرچی زیاتری تێکنۆلۆژی هاوردەکراو کەڵکی لێوەردەگیرێ)، و لەو ڕێگایەوە بە بەخشینی چەمکی زاڵی حکوومەتی ناوەند بە تێکنۆلۆژی و کەڵک لێوەرگرتنی مەبەستدار لە تێکنۆلۆژی بۆ چەوسانەوەی هەرچی زیاتری نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەت کورد، ڕێگا بۆ مانەوەی چەمکی زاڵ خۆش دەکات.

دارا ناتق:

# فرەڕەهەند بوونی بزاڤی ڕاسان

## لە ماوەی دەستپێکردنی تاکوو ئێستا توانیویەتی شوێندانەری بەرچاو لە سەر وەگەڕخستن و بووژانەوەی سەر لە نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانە و بزاڤی کورد هەبێ



"دارا ناتق" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**حکومەتە ناوەندییەکانی ئێران بۆ لە نێو بردنی گەلی کورد تەنیا خۆیان بە ژینۆساید و کوشتاری بە کۆمەڵی ئەم خەڵکە نەبەستۆتەوە و بە درێژایی مێژووی داگیرکردنی خاکەکەمان زۆرتر هەوڵیان داوە کە لە ڕێگای "ئاسمیلە کردن" و لە نێو بردنی کەسایەتی و کەلتوری کورد، پڕۆسەی ئیستعماریان بەڕێوە ببەن. دوژمنانمان باش دەزانن کە لە ڕێگای نیزامییەوە ناتوانن کورد لە نێو ببەن بۆیە هەر لە یەکەم رۆژگەلی داگیرکردنی کوردستانەوە هەتا ئێستا بە بەرنامەیەکی چڕ و توکمە لە هەوڵی تواندنەوەی ئەم نەتەوە لە نێو کەلتورێکی بێگانەن تا لەم ڕێگایەوە بتوانن هەرەس بە ئیرادەی ئەم گەلە بێنن. لەم پەیوەندییەدا هەڤپەیڤینێکمان لە گەڵ هاورێی تێکۆشەر "دارا ناتق" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێک خستووە کە دەقی ئەو وتووێژە لە خوارەوە پێشکشی خوێنەرانی بەرێزی "کوردستان" دەکرێ.**

**لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەمان لە کاک دارام پرسی بۆچی خەباتی فەرهەنگی لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دا لاوازە و ئێمە نەمانتوانیوە ئاوڕی پێویستی لێ بدەینەوە؟ کە لە وڵامدا وتی:**

بە درێژایی مێژوو، نەتەوەی کورد هەمیشە بۆتە ئامانجی پیلانی نگریس و داگیرکەرانەی وڵاتە زلهێز و ناوچەییەکان و خەبات و مافە ڕەواکانیان بۆتە قوربانی بەرژەوەندی و سات و سەودای نێوان وڵاتان و ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. داگیرکەرانی کوردستانیش بە کەڵك وەرگرتن لەو دەرفەتانە، بۆ لە نێو بردنی هۆڤییەت و ناسنامەی کوردی و بە گشتی لە نێو بردنی نەتەوەی کورد، سیاسەتی جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کاولکاری و گۆڕینەوەی دێمۆگرافی کوردستانیان وەك بەرنامە و ستراتێژی سەرەکی خۆیان بەرێوە بردووە. هەر بۆیە دەبینین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردیش بە درێژایی مێژوو، لە خەبات و بەربەرەکانێیەکی سەخت و دژواردا بووە لە هەمبەر دڕەندەترین ڕێژیمە داگیرکەر و یەك لە دوای یەکەکانی حاکم بە سەر کوردستاندا و توانیویەتی وێڕای فیداکاری و قوربانیدان و هەوراز و نشێوی زۆر، شوناس و ناسنامەی خۆی بپارێزیت. بزاڤی کوردی بە گشتی وێڕای خەباتی چەکداری، لە گشت ڕەهەندەکانی خەباتی سیاسی، دیپلۆماسی و فەرهەنگی و کولتووری کەڵکی وەرگرتووە. بەڵام لە کوردستان بەهۆی سیاسەت و ستراتیژی بەرنامەدارێژراوی ڕێژیم بۆ ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکەمان و بە ئەمنییەتی و سەربازی کردنی کوردستان، خەباتی فەرهەنگی لە نێوخۆی کوردستان لەگەڵ کەند و کۆسپی زۆر ڕووبەڕوویە. تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردیش بەگشتی بەپێی ئیمکان و دەرفەت، هەمیشە وەك یەکێك لە ڕەهەندەکانی خەبات گرینگی تایبەتی داوەتە بزاڤی فەرهەنگی، بەڵام هەل ومەرجی خەبات و سەختی و دژوارییەکانی سەر ڕێگای خەبات زۆر جار کاریگەری لە سەر ئەم ڕەهەندە لە بزاڤی فەرهەنگی و کولتووری هەبووە. خۆڕاگری و ئیرادەی بەرزی مافخوازانەی نەتەوەکەمان، لە گشت قۆناخەکانی سەخت و دژواری خەباتدا، فەرهەنگ و کولتووری کوردیان لە بەرامبەر سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی داگیرکەران پاراستووە و پیلانە شووم و نگریسەکانیان کردووە بە بڵقی سەر ئاو.

**لە درێژەی وتووێژەکەمان ئاماژەم بە ورمێ و کرماشان کرد کە وەکوو دوو شوێنی گرینگ و ستراتیژیکی کوردستان هەر لە سەردەمانی دەستپێکی سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان ئامانجی سەرکووت و هێرشە هەرە قورسەکانی ئەرتەشی ئێران بووە و دوای سەرکووتی شۆڕشەکان بۆ ئەوەیکە بە تەواوەتی بنەماکانی شۆڕش لە نێو خەڵکی کورد لەم ناوچانە کپ بکەن، دەوڵەتی ناوەندی ئێران دەستی کردە دووهەمین هێرشی گەورەی خۆی بە ناوی "ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی" کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە!! بۆ ئەم پڕۆسە فاشیستییەی کە ئەوەندە تێچووی لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردووی بۆمان هەبوو، لە لایەن چالاکانی سیاسی و حیزبە کوردییەکان بە باشی بەرپەچ نەدراوە و تەنانەت بەرنامەیەکیشمان بۆی نییە و زۆر جار مرۆڤ هەست دەکات کە هیچ کەسێک ئاوڕ بەم بابەتە نادات چوون نایان ناسێ. بۆیە لە کاک دارام پرسی کە، بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرپەرچدانەوەی "ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی" کە ناخی ژیانی فەرهەنگی . فیکری . شوناسی کوردی کردۆتە ئامانج، بۆچی بزاڤی کورد هەتا ئێستا نەیتوانیوە بەرنامەیەکی تۆکمە و کارامەی هەبێ؟ کە لە وڵام دا وتی:**

شارەکانی کرماشان و ورمێ ، وەکوو دوو ناوچەی گرینگی ژێئوپۆلیتیك و ستراتێژیك لە خۆرهەڵاتی کوردستان، بەدرێژایی دەسەڵاتی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەمیشە کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماری شۆڤینیستیانە و ویستوویانە شوناس و ناسنامەی ڕەسەنی کوردی لەو ناوچانە بسڕنەوە و نەهێڵن هیچ ئاسەوارێکی چاند و کولتووری کوردی تەنانەت لە بواری مەزهەبیشەوە لەو ناوچانە بمێنێتەوە. بەدرێژایی مێژووی نەیارانی حاکم بە سەر کوردستان و سەرەڕای گشت زەخت و زۆر و پیلانە نگریسەکانییان، نەتەوەی کورد بە ئیرادەی بەرزی شۆڕشگێڕی و مافخوازانەی هەردەم لە مەتەرێزی خەبات و تێکۆشاندا وێڕای بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان، توانیویەتی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت. بزاڤی کوردیش سەرەڕای سەختی و دژوارییەکانی خەبات بەپێی ئیمکان و توانا گرینگی زۆر تایبەتی بە بواری فەرهەنگی و کولتووری داوە و وێڕای ڕۆشنگەری لەمەڕ پیلانەکانی ڕێژیم لەو بوارەدا، بەرنامەگەلێکی تایبەتی بەرێوەبردوون و هانی شەقامی کوردی داوە بۆ پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی فەرهەنگی نەتەوەیی یان؛ ئاشکرایە کە ڕێژیم بە هەبوونی دەسەڵات و ئیمکاناتی زۆر، لە هەر چەشنە مێتۆدێك بۆ سەرکووت و حاشاکردنی کولتوور و شوناسی گەلانی بندەست و یەك لە وان نەتەوەی کورد تێدەکۆشێت. ڕەوتی بەردەوامی سەرکووت و ئەمنییەتی کردنی کوردستان دەرەتانی هەر چەشنە هەوڵ و بزاڤێکی فەرهەنگی لە ناوخۆی وڵات بەرتەسك کردووە. چالاکانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری بەردەوام لە ژێر زەخت و گوشار و دەست بەسەر کردن و هەڕەشەی مەرگدان. لە چوارچێوەی وەها سیستەمێکی ئەمنییەتی و تۆتالیتەر دا، هەوڵ و پەرەدان بە خەباتی فەرهەنگی ئاستەنگ و گیروگرفتی زۆری هەیە، بەڵام بە خۆشییەوە چالاکانی فەرهەنگی و گەلی کورد بەگشتی وێڕای هەموو ئەو سەختیانە، شۆڕشگێڕانە و مافخوازانە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و شوناسی خۆیان تێدەکۆشن. بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتیش بە هۆی هەل و مەرجی تایبەتی و دوورە وڵاتی و هەروەها کەم ئیمکاناتی، بەردەوام لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لە هەوڵی پەرەدان بە خەباتی فەرهەنگی و کەمڕەنگ کردنی پیلانە دژی مرۆڤییەکانی ڕێژیمدا بوون، بە تایبەتی لە شارەکانی کرماشان و ورمێ و تا ڕادەیەك لە شاری لۆرستانیش.

**لە دارا ناتق سەبارەت بە جێگە و پێگەی بزاڤی کوردی لە کرماشان و ورمێ پرسیم و وتم چالاکی چالاکانی سیاسی-مەدەنی کورد چون پێناسە دەکەن و وێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو گەورە شارە چوون هەڵدەسەنگێنن؟ کە لە وڵام دا وتی:**

بە گشتی پێگەی بزاڤی کوردی لە شارەکانی کرماشان و ورمێ لە دۆخێکی زۆر سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت. ناوەند و ڕێکخراو و چالاکانی فەرهەنگی، بەردەوام لە ژێر چاوەدێری و هەڕەشەی ناوەندە ئەمنییەتییەکاندان. هەر بزاف و چالاکییەك کە ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و کولتووری کوردی بێت، دەکەوێتە ژێر پرسیار و ڕێکخەرانی لەگەڵ هەڕەشەی گرتن و کوشتن و ئەشکەنجە کردن ڕووبەڕوو دەبنەوە. بە هۆی دۆخی ئەمنییەتی و بەردەوامبوونی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی ڕێژیم هەوڵ و تێکۆشانی فەرهەنگی ناتوانێت بە شێوەی پێویست لە وەها دوخێکدا وەڵامدەر بێت. سەرەرای هەموو ئەوانەش دەتوانین بڵێین کە خێراتر بوونی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان و بەرەوپێش چوونی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری لە کوردستان بە گشتی، شوێندانەری خۆی لە سەر کۆمەڵگای کوردستان دانەوە و بزاڤی فەرهەنگیش وێڕای هەموو ئاستەنگ و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای، بەرەنگاری سیاسەتە دژە کولتووری و فەرهەنگییەکانی ڕێژیم بۆتەوە و لە پێناو بەرز ڕاگرتنی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا تێدەکۆشێت و خەبات دەکات.

بە هۆی گرینگی و تایبەتمەندییە ژێئوپۆلیتیکەکانی ئەو دوو گەورە شارە، دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی حاکم و بەتایبەتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران، هەوڵی گۆڕینی دێمۆگرافیای ئەو ناوچانەیان داوە و بە بەردەوامی کوردەکانیان پەراوێز خستووە و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەو شارانەشدا ڕێگریان لێ کراوە. دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو دوو گەورە شارە و ڕاگواستنی کوردەکان و هێنانی پێکهاتەی ناخۆجێی بۆ ئەو دەڤەرانە یەکێك لە سیاسەتە بەردەوامەکانی ڕێژیم بووە لە شارەکانی کرماشان و ورمێ. سڕینەوەی هەر جۆرە ئاسەوارێکی نەتەوەیی کوردی لەو شارانە و لە نێوبردن و قەدەغەکردنی موزیك و هونەری کوردی لەو هەرێمانە و سەپاندن و پەرەدان بە کولتووری ناخۆجێیی و گرینگی پێنەدانیان لە رووی ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەوە بەشێك بووە لە سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم.

**لە کوتایی وتووێژەکەماندا باسی راسان و کاریگەری ئەم قوناغە فکری -پراکتیکییە لە سەر گۆڕینی دۆخی ئێستای کوردستانمان کرد و پرسیم، "ڕاسان وەکوو هیوای دوو دەیەی ڕابردووی گەلی کورد بۆ بووژاندنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆی چۆن دەتوانێ لەلایەک بۆشایی خەباتی فەرهەنگی بزاڤی کورد پڕ بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ببێتە پلانی سەرەکی بەرپەرچدانەوەی ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی و ئەو خەباتە لە حاڵەتی لەبیرکراوەیی و پەراوێزخراوی بێنێتە دەرێ؟ کە لە وڵامدا وتی:**

حەرەکەتی ئەمجارەی پێشمەرگە کە لە بەهاری ساڵی ٢٠١٦ی زایینی بە کۆدی "ڕاسان" دەستی پێکرد، لە واقیعدا لێك گرێدانی خەباتی شار و شاخ و هەستانەوە و وەگەڕ خستنی سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە دیلی و دەستەبەر کردنی ئازادی و دێموکراسی و ویست و خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان بوو. فرەڕەهەندبوونی بزاڤی ڕاسان لە ماوەی دەستپێکردنی تاکوو ئێستا توانیویەتی شوێندانەری بەرچاو لە سەر وەگەڕخستن و بووژانەوەی سەر لە نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانە و بزاڤی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و کولتووری دابنێت و وەرچەرخانێك لە ئاست کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بکات. بێ گومان بەردەوامبوون و پەرەسەندنی ئەم بزاڤە نوێیەش دەتوانێت پاڵپشتێکی بەهێز بێت بۆ هەر جووڵە و بزاڤێکی فەرهەنگی و کولتووری و لە هەمان کاتدا بەرپەرچی هەر چەشنە سیاسەتێکی ئاسمیلاسیۆن و دوژمنکارانەی ڕێژیم بداتەوە.

# لاوازکردنی ئێران لە پێناو سەقامگیریی و ئاشتیدا

»د. ئیدریس ئەحمەدی

چەند ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی سیاسەتی نوێی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران، کەرکووک لە لایەن حەشدی شەعەبییەوە بە پاڵپشتی سپای پاسدارانی ئێران، داگیر کرا. پێش ئەوەش، لە باشووری کوردستان، ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام درا. ئەمریکا و باقی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە لە شەڕ دژ بە داعشدا هاوپەیمانی نزیکی کورد بوون، نەک تەنیا هاوڕا نەبوون لەگەڵ کاتی ئەنجامدانی ڕێفراندۆم ، بەڵکوو ڕێگرییان لە داگیرکردنی کەرکووک نەکرد. لە لایەکی دیکەوە، ئێران، تورکیە و عێراق، کە بە ئەستەم دەتوانن پێکەوە هاوکاریی بکەن، دژ بە ڕێفراندۆم لێک نزیک بوونەوە. ئێران دواجار توانی لەو پەیوەندییەدا گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتی ڕێک بخا دژ بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد.

ئەم مەسەلانە ڕەنگ بێ لێکدابڕاو بێنە بەرچاو؛ لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتی ئەمریکا سەرسووڕهێنەرە. لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە ئەمریکا باش دەزانێ کە کەرکووک بە پیلانگێڕیی ئێران و پشتیوانی سپای پاسداران داگیر کرا. ئەمە لە کاتێکدایە کە سیاسەتی نوێی ئیدارەی ترامپ لە هەمبەر ئێران، ئامانجی بەرەوڕووبوونەوەی تەواوی ئێرانە و لەو پەیوەندییەدا، سپای پاسدارانی کردووەتە ئامانجی سەرەکی.

خوێندنەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە نیزامی خەشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەو دەڤەرەدا وێڕای گۆڕانێک کە لە ستراتیژی ئەمریکا لە ساڵانی دواییدا هاتووەتە پێش، دەریدەخا کە ئەو مەسەلانە پێکەوە گرێدراون. لە گەڵ ئەوەی، یان دروستترە بڵێین بە هۆی ئەوەوە کە ئەمریکا لە خوێندنەوەی خۆی بۆ عێراق و پەیوەندی نێوان بەغدا و تاران بەهەڵەدا چووە، ئەو ناکۆکییانەی لێ کەوتووەتەوە کە لەم دواییانەدا لە پەیوەندی لەگەڵ باشووری کوردستان شاهیدی بووین.

ڕۆژهەڵاتی ناوین بە "دڵی جیۆپۆلیتک" لە جیهاندا ناوزەد کراوە. هەڵبەت لە باتی ئەوەی ستایشکردنی بێ، ئەو دەستەواژەیە زۆرتر گوزارشتێکە لە نەهامەتی ناوچەکە، چوونکە ناسەقامگیری بەردەوام، توندئاژۆیی سیاسی، شەڕی دووبارەبووەوە، کوشتاری بە کۆمەڵ، جێنوساید، تیرۆریزم و درێژەکێشانی دیکتاتۆرییەت و گەندەڵی بەرچاو لە حکومەتراینیدا بوونەتە مۆرکی ئەو دەڤەرە. ئەگەر لە شوێنێکی جیهان مێژوو بەردەوام دووپات بێتەوە، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوینە.

ئەو نەهامەتیانەش یەک هۆکاریان نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی، سیاسیی، ئابووری، کولتووریی و کۆمەڵایەتی وایان کردووە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەردەوام لە بازنەیەکی شوومدا بخولێتەوە.

بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو، سیاسەتی زلهێزان — بریتانیا، فەرانسە، ئەمریکا و ڕووسیە — لە ناوچەکەدا یارمەتیدەری درێژەکێشان و قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناوچەکە بوون. هەڵبەت بە پێچەوانەی تێگەیشتنێکی باو و هەڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، دەوری زلهێزان هۆکاری بنەڕەتیی نەهامەتییەکانی ناوچەکە نین، بەڵکوو هۆکارە بنەڕەتییەکان لە خودی ناوچەکەدان. ئەو نیزامەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کار بۆ هێنانەدی کراوە و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و تێکڕوخاندنی کۆماری کوردستان، بەردەوام بە زۆری زەبر کار بۆ جێگیرکردنی کراوە، هۆکاری بنەڕەتی کێشە سەرەکییەکانی دەڤەرەکەیە.

کۆمەڵێک دەوڵەت لە ناوچەکەدا لەو کاتەوە شکڵیان گرتووە کە فرەنەتەوە و فرەئایینن، بەڵام چڕکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک نەتەوە یان گرووپی تایەفیی دیاریکراودا وای کردووە لەو دەوڵەتانەدا، بەردەوام کێشە لەسەر ناسنامە و سەروەریی سیاسیی، بەرۆکیان بگرێتەوە. سنووری ئەو وڵاتانە جووت نین لە گەڵ سنووری نەتەوەیی و وەفاداری سیاسیی گەلان و گرووپە ئایینیی و تایەفەییەکانی نیشەجێی سنووری جوگرافییان، بەڵکوو ئەو سنوورانە لە باتی پێکهێنانی یەکیەتی و سەقامگیری، وێڕای حکومەتی دیکتاتۆریی، هەوێنی لەتکردن و ناسەقامگیرین. ئەم دۆخەش وای کردووە کە کێشە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە بەردەوام کێشەی نێودەوڵەتی بن.

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە دوو مانا دەوڵەتی ترس و لە درێژەدا، پێکهێنەری ناسەقامگیریی بەردەوامن. ئەم دەوڵەتانە بەردەوام هەم ترسیان لە دانیشتوانی خۆیان هەیە، هەمیش ترسیان لە دراوسێکانیان هەیە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە مەترسین لەسەر دانیشتوانی خۆیان و لەسەر یەکتریش. بە هۆی ئەو بنەما چەوتەی کە لە سەری دامەزراون، دیکتاتۆریی بووەتە تەنیا ڕێگای ڕاگرتنی زۆرە ملێی ئەو دەوڵەتانە. ئەم ڕاستییەش وای کردووە کە زلهێزان ساناتر بتوانن دەستێوەردان لە ناوچەکەدا بکەن.

سیاسەتی بریتانیا و فەرانسە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، بریتی بوو لە لەتکردن و دروستکردنی دەوڵەتی ساختە بە مەبەستی پێکهێنانی نیزامێک کە لەوێدا پارسەنگی هێز بە قازانجی خۆیان بێ. بریتانیا، یەکیەتی سۆڤییەت و ئەمریکا هەمان ستراتیژی ڕاگرتنی هێزیان گرتە بەر، بەڵام بە بێ ئەوەی یارمەتیدەری پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ بن. کۆماری کوردستان بە هیممەتی کورد خۆی پێک هات و ئەگەر سۆڤییەت پشتیوانیی لێ کردبێ، ئەوا بەس تاکتیکی بوو. دواجار بە شکاندنەوەی پارسەنگی هێز بە قازانجی ئێران، لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە، کۆمار تێکڕوخێندرا. ئەمەش وای کرد کە سیستەمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا لە شکڵی چەوتی خۆیدا، چەقبەستوو بمێنێتەوە.

سیاسەتی زلهێزان لە پاش کودەتای ١٩٥٨ لە ئێران، درێژەدان بوو بە ستراتیژی ڕاگرتنی پارسەنگی هێز. دوای ئەوەی بریتانیا لە کۆتایی شەستەکاندا ناوچەکەی بەجێ هێشت، بۆشاییەک پێک هات کە ئەمریکا ناچار بوو کار بۆ پڕکردنەوەی بکا. بە هۆی شەڕی ڤییەتنامەوە، پشتیوانیی نێوخۆیی نەبوو بۆ ئەوەی ئەمریکا هێزی نیزامیی خۆی ڕەوانەی ناوچەکە بکات و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. لە پێناو ڕاگرتنی پارسەنگی هێز، ئەمریکا ئێرانی سەردەمی شای پڕچەک کرد، تا ئەو جێگایەی کە بیکات بە خاوەن پێنجەمین ئەرتەشی مەزنی دونیا. ئێران بە وەکالەت پارسەنگی هێزی بۆ ئەمریکا ڕاگرت، ئەویش بە ڕێگرتن لە زیادبوونی نفوزی یەکیەتی سۆڤییەت و دەسەڵاتی عێراق لە ناوچەکەدا.

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران ئەو ستراتیژییەی خستە مەترسییەوە. هەڵبەت شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەرفەتی بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەخساند کە لە شکڵێکی نوێدا پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا ڕابگرن، ئەویش بە دانی چەک بە هەر دوولا — هەڵبەت بە ئێران بە نهێنی چەکیان دەدا و بە عێراق بە ئاشکرا— بۆ ئەوەی هیچکامیان نەتوانێ بەسەر ئەوی دیکەیاندا سەرکەوێ و لە کۆتاییدا بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بێ.

لە شەڕی کەنداودا، ئەمریکا هەمان ستراتیژی درێژە پێدا. لە گەڵ ئەوەی دەیانتوانی حکومەتی بەعس بڕوخێنن، پاش وەدەرنانی هێزی عێراق لە کویەت، مانەوەی حکومەتی بەعس و هێزی داشکێندراویی عێراقیان بە پێویست زانی بۆ ئەوەی پارسەنگی هێز تێک نەچێ و ئێران نەتوانێ زاڵ بێ بەسەر ناوچەکەدا.

یەکەمین گۆڕان کە لە ستراتیژی ئەمریکادا هاتە کایەوە، دوای شەڕی سارد بوو. ئەوکات نیزامی نێودەوڵەتی لە دووجەمسەرییەوە گۆڕدرا بۆ یەکجەمسەریی و ئەمریکا بە لەبەرچاوگرتنی دوژمنایەتی هەردوو ڕێژیمی ئێران و عێراق و نەمانی یەکیەتی سۆڤییەت، ستراتیژی "تێکهەڵپێچانی دووسەری" (dual containment) گرتە بەر. جیاوازی نێوانیان لەوەدایە کە ڕاگرتنی پارسەنگی هێز ئامانجی ڕێگرتنی زیادبوونی دەسەڵاتی نەیارێکە، لە کاتێکدا کە ستراتیژی تێکهەڵپێچان ئەوەیە کە لە ڕێگای گەمارۆدانی ئابووریی و نیزامییەوە دواجار زەمینەی دارمانیی نێوخۆیی لە دەوڵەتێکی نەیاردا پێک بێنێ و بە واتایەکی تر گۆڕینی ڕێژیمی ئامانجە، بەڵام بە بێ هێرشبردنی نیزامی. هۆی ئەو گۆڕانە لە ستراتیژی ئەمریکا، زیادبوونی دەسەڵاتی ئەمریکا بوو.

پاش ١١ سێپتامبری ٢٠١١، ئەمریکا دیسان ستراتیژی خۆی گۆڕی، ئەم جارەیان لە تێکەوەهەڵپێچانەوە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و بڵاوکردنەوەی دێموکراسی. هێرشی تیرۆریستی ١١ سێپتامبر، پشتیوانیی بۆ ستراتیژییەکی وا مەزن پێکهێنا، هاوکات کە ئەمریکا لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو. بەڵام بە هاتنەسەرکاری هێزە شیعەکانی سەر بە ئێران و هەروەها پشتیوانی ئێران لە تیرۆریزم لە عێراق، وێڕای ئەو گرفتانەی کە ئەمریکا لە ئەفغانستان ڕووبەڕووی بوویەوە، ئەو ستراتیژییە دواجار تووشی شکست هات.

بۆیە، لە دەورەی دووهەمی ئیدارەی بووشدا، ئەو ستراتیژیە وەلا نرا. ئەوەش ڕەنگدانەوەی مسۆگەرنەبوونی دەسکەوتی ستراتیژیک لە ئەفغانستان و عێراق و هەروەها نسکۆی ئابووری ئەمریکا بوو پاش قەیرانی دارایی لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە.

ئەمریکا بە ئەسپایی گەڕایەوە سەر ستراتیژی ڕاگرتنی پارسەنگی هێز و لە سەردەمی ئۆبامادا، ئەو ستراتیژییە گەیشتە لوتکەی خۆی. ئۆباما خۆی بوارد لە لایەنگری کردن لە کێشەی نێوان شیعە و سوونە، بەڵام لە پێناو ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێراندا، چاوپۆشی کرد لە زیادبوونی نفوزی ئێران لە ناوچەکە. هاوکات هەڵگرتنی گەمارۆ لە سەر ئێران، دەستی ئێرانی زیاتر ئاواڵە کرد بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە بەرفراوانخوازەکانی. ڕاستییەکەی، ئیدارەی ئۆباما بە پاشەکشەکردن و ئەولەوییەتدان بە مەسەلەی ناوکی، لە کردەوەدا ستراتیژی پارسەنگی هێزی ڕەچاو نەکرد و تەنانەت یارمەتیدەری بەهێزبوونی ئێران بوو.

ئیدارەی ترامپ درێژەدەری هەمان ستراتیژییە، بەو جیاوازییەوە کە بە هۆی ئەوەوە کە ڕاگرتنی ڕێککەوتنی ناوکیی بۆ گرنگ نییە، دەیهەوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی ناوچەیی بە سەرکردایەتی خۆی، پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکا. دواوێستگەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران ڕوون نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ترامپ لە گوتاردا باس لە گۆڕینی ڕێژیم دەکا، ئامادە نییە تێچووی گۆڕینی ڕێژیمی ئێران بدا. ڕەنگ بێ دواجار ستراتیژی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران، بە مەرجێ بتوانێ گەمارۆی نوێ و کاریگەر بە سەر ئێراندا بسەپێنێ، تێکەڵاوێک بێ لە ڕاگرتنی پارسەنگی هێز و تێکهەڵپێچانی کۆماری ئیسلامی.

هەروەک چۆن ئیدارەی ئۆباما یارمەتیدەری بەهێزبوونی ئێران بوو، هەڵوێستی ئیدارەی ترامپ لەهەمبەر ڕێفراندۆم لە باشووری کوردستان و چاوپۆشیکردن لە داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعەبی و سپای پاسدارانەوە، ئەویش تاکوو ئێستا یارمەتیدەری زیادبوونی نفوزی پتری ئێران بووە لە عێراق. لاوازبوونی باشووری کوردستان، ناکۆکە لەگەڵ ڕاگرتنی پارسەنگی هێز. هۆی ئەم هەڵەیەی ئیدارەی ترامپ دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەکی سەرەتایی کە لە سەردەمی بووشدا کرا.

ئیدارەی بووش خوێندنەوەیەکی دروستی لە عێراق نەبوو. بە ڕووخاندنی حکومەتی بەعس و ڕێگەدان بە هاتنەسەرکاری شیعەکانی سەر بە ئێران، زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ئێران لە عێراقدا کەم تا زۆر حکومەت بکا. ئەمریکا هاوکات لە ئەفغانستان و عێراق گیری کرد و ئەو گیرکردنەش، هەزینەی زۆری دارایی و گیانیی بۆ دواوە بوو. ئەرتەشەکەی ماندوو بوو، پشتیوانی نێوخۆیی بۆ حزووری نیزامی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا نەما و قەیرانی دارایی ئەوەندەی دیکە دەستی ئەمریکای بەستەوە.

بەڵام هەر سێ ئیدارەی بووش، ئۆباما و ترامپ لە عێراقدا سیاسەتەکانیان لە سەر کۆمەڵێک فەرز دامەزراون کە ئەو ناکۆکیی و شکستانەی لێ کەوتووەتەوە کە ئێستا شاهیدین. فەرزی سەرەکی ئەوەیە کە دواجار لە عێراقدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی بتوانێ بەسەر تایەفەگەریدا زاڵ بێ. فەرزێکی دیکە ئەوەیە کە بە یارمەتیدانی پێکهێنانەوەی حکومەتێکی ناوەندی و بەهێز لە بەغدا، عێراق دواجار بتوانێ لە بەرانبەر ئێراندا سەربەخۆ بێ بۆ ئەوەی دواجار بتوانێ یارمەتیدەری ڕاگرتنی پارسەنگی هێز بێ لە ناوچەکەدا. بە واتایەکی دیکە، هیوا دەخوازن عێراق ئەگەر بتوانێ دەوری جاران بگێڕێ وەک ڕێگرییەک لە هێژمۆنیخوازیی ئێران. هەروەها پێیان وایە هێندێک لە شیعەکان، وەک سەدر و حەکیم، دوورکەوتوونەتەوە لە ئێران. بە پێچەوانەی مالیکی، عەبادی وەک کەسێکی "میانەڕەو" دەبینن کە دواجار بتوانێ حکومەتی بەغدا ڕزگار بکا لە سیاسەتی تایەفەگەریی.

بۆیە ئەمریکا پێداگریی لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و ئامادە نییە پشتیوانی لە دەوڵەتی کوردی بکا. هەڵبەت هۆیەکی دیکەی ئەوەیە کە دەزانێ دەوڵەتی کوردی چواردەوری بە دوژمن تەنراوە و ئامادە نییە هەزینەی پاراستنی بدا.

ئەو فەرزانە دواجار وایان کرد ئیدارەی ترامپ هەڵەیەکی ستراتێژیک بکا و چاوپۆشیی لە داگیرکردنی کەرکووک بکا. ئەگەر ئەولەوییەتدانی ئۆباما بە مەسەلەی ناوکی ئێرانی بەهێز کرد، پابەندبوونی ئیدارەی ترامپ بەو فەرزە هەڵانە وای کرد کە ئەویش بە نۆرەی خۆی یارمەتیدەری زیادبوونی نفوزی ئێران لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناویندا بێ، چوونکە لاوازبوونی حکومەتی هەرێم مەترسییە لە سەر پارسەنگی هێز لە گشت ناوچەکەدا.

ئەم هەڵە ستراتێژیکانە دواجار ئەمریکا ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەکاتەوە؛ یان قەبووڵکردنی هێژمۆنی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، کە ناسەقامگیریی و ئەگەری شەڕی ناوچەیی زیاتر دەکا، یان ئەوەی هەزینەی گۆڕینی ڕێژیم لە تاران بدا. لاوازبوونی ئێران یەکێکە لە پێشمەرجەکانی سەقامگیریی و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

پاش داگیرکردنی کەرکووک، ئەمریکا وێ دەچێ بە هەڵەی خۆی زانیبێ. هەر نەبێ، حزووری نیزامی ئێران لە عێراق چی دی شاراوە نییە بۆ دونیا. ئەگەر پێشمەرگە بتوانێ باشووری کوردستان لە بەرانبەر سپای پاسداران و حەشدی شەعبی، کە سپای پاسدارانی عێراقە، بپارێزێ، ئەمریکا ناچار دەبێ وەکوو جاران قورسایی خۆی بخاتە سەر باشووری کوردستان.

بە واتایەکی تر، زیادبوونی نفوز و دەسەڵاتی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا، هەم مەترسییە و هەمیش دەرفەت بۆ کورد. دواجار گرنگ ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە و سیاسەتی دروست قەیرانمان بۆ بکا بە دەرفەتی زیاتر، ئەوەش پێویستی بە ستراتێژییەکی نەتەوەیی هەیە.



# مستەفا هیجری: نابێ چاوەڕوان بین کە حکوومەتەکانی دەرەوە بێن کۆماری ئیسلامیمان بۆ بڕوخێنن یا کۆماری ئیسلامی وادار بکەن کە مافی ئێمە بدا، دەبێت بۆ خۆمان کاریگەر بین و ڕۆژهەڵات دەبێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر.

**ستراتێژیی نوێی ئامریکا لە هەمبەر ئێران و پێشوازی و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو ستراتێژییە، تەوەری سەرەکیی وتووێژێکی تایبەتیی تەلەفزیۆنی تیشکە لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.**

**«وتووێژ: سابیر فەتاحی**

**دوایین ستراتیژی ئامریکا لە هەمبەر ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ترامپ چ لە بانگەشەی هەڵبژاردن و چ لە ماوەی ئەو دە مانگە لە سەرکۆمارییەکەیدا بەردەوام نارەزایەتی خۆی بە نیسبەت ڕێککەوتنی بەرجام، کە پێوەندی بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانەوە هەیە، دەربڕیوە و ئێستاش لە هەوڵدایە ئەو بەڵێنانەی کە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بە خەڵکی داوە، بێنێتە دی. ترامپ پێی وایە ئەو ڕێککەوتنە ناتەواوە و دەبێ پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، بۆ ئەوەی زەمانەتی دەستپێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمیەوە مسۆگەر بکات. ئێستا ئەو مەسەلەیەی بە کۆنگرە سپاردووە تاکوو بڕیاری لەسەر بدات و تا دوو مانگی دیکە ئەنجامی دانوستانەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەت ڕابگەیەنێت و ئەگەر بە ئەنجام نەگەن، ترامپ بۆ خۆی یەکلایەنە لەو ڕێککەوتنە دەکشێتەوە. دەرکەوتن لەو ڕێککەوتنە، گیروگرفت و کێشەی گەورە لەباری گەمارۆکانەوە بۆ ئێران دێنێتە کایەوە. بێجگە لە ڕێککەوتنی بەرجام، مەسەلەی سپای پاسدارانیش هەیە کە ئێستا خراوەتە ژێر گەمارۆکانەوە، چونکە پێشتر تەنیا سپای قودسی سەر بە سپای پاسداران لە ژێر گەمارۆدا بوو. ئەو داخوازیانەی دیکە کە ترامپ داوایان دەکا، ئەوەیە کە دەبێ ئێران ملکەچ بێ بەوەیکە یارمەتی تێرۆریزمی ناوچەیی نەکا، دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و ئیسرائیل نەکا، ئیزن بدات کە بازرەسی و چاوەدێری ناوەندە نیزامیی و موشەکییەکانی ئێران بکرێت. ئەوانە ئەو تەوەرانەن کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵەهایە داوای دەکەین و دەڵێین کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تیرۆریستییە. کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا بۆ بە دەستهێنانی چەکی ناوکی و ڕێککەوتنی بەرجام، بووە هۆی ئەوە کە دەرفەتێکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامی بێتە پێشێ، پارە بلوککراوەکانی لە بانکەکانی ئەمریکاوە ڕادەستی بکرێتەوە هەمووی لە کاری تیرۆریستی و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی ناوچە سەرف کردووە. ئێمە خۆشحاڵین کە ئێستا حکومەتی ئامریکا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە لەسەر ئێران کە ئێمە ساڵەهایە باسی دەکەین. ئێمە پێشبینی دەکەین ئەو بەرنامەی ترامپ تەئسیری زۆری دەبێت و دەرفەتی باشتر بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران، نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەتی بۆ کوردەکان پێك دێت کە خەباتی خۆمان بە دژی کۆماری ئیسلامی پەرە پێبدەین.

**وەکوو فەرمووتان ترامپ لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا باسی لە هەڵوەشاندنەوەی بەرجامی دەکرد، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو کارە بکات. ئایا هەوڵەکانی کافی نەبوونە یان ئەوە مەراحیلێکی یاسایین کە دەبێت تێپەڕی بکات تاکوو بتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە؟**

ئەوەیکە ئێستا ترامپ لەگەڵی بەرەوڕوویە، جیاوازە لەگەڵ ئەوەی پێش هەڵبژاردن! پێش هەڵبژاردن و لەسەردەمی سەرکۆماری ئۆبامادا هەموو وڵاتانی ئۆروپایی هاودەنگ بوون لەسەر گەمارۆ خستنە سەر ئێران، بە شێوەیەک کە کۆماری ئیسلامی ئێران تەسلیم بێت و بێتە سەر مێزی وتووێژ و لەسەر مێزی وتووێژدا ئیمتیازی لێ بستێنن. لەو کاتەدا ئەوان سەرکەوتوو بوون و پێکەوە لەگەڵ وڵاتانی ئۆروپایی کۆماری ئیسلامیان ناچار کرد کە ئەو قەرارداده ئیمزا بکات، بەڵام ئەوەیکە ترامپ ئیدعای دەکرد کە ڕێککەوتنەکە دەدڕێنێ و لە ژێری دەچێتە دەرێ، وادیارە ئێستا بەرژەوەندییەکانیان لەوەدایە کە ڕێککەوتنەکە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئیسلاح بکرێت. ئەو یەکگرتووییەی کە لە هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانی ئامریکا لە ئۆروپادا پێشترلە سەر ڕێککەوتنی بەرجام هەبوو، ئێستا نەماوە. ئیستا داخوازیەکانیان ئەوەیە کە پێوەندییەکان لەگەڵ ئێران ئاسایی بێتەوە و ئەوان بازرگانی و سەرمایەگوزاریی خۆیان لە ئێران بکەن و ئەو قازانج و بەرژەوەندییانەی کە لە ئێران نەسیبیان دەبێت، بێ بەهرە نەبن. لە عەینی حاڵدا ئەو هاوپەیمانانەش جەخت دەکەنەوە کە نابێ بەرجام هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەوانیش پێداگرن کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت دەستێوەردانەکانی لە مەنتەقەدا کۆتایی پێ بێنێت.

**باستان لە دەستێوەردانەکانی ئێران کرد، هەر دوو ڕۆژ دوای ستراتێژی نوێی ئامریکا و قسەکانی ترامپ، دیتمان کە ئێران بە هاوکاری حەشدی شەعبی هات و بەشێک لە ناوچەکانی باشوری کوردستانی داگیر کرد، ئەمە چی دەگەیەنێت؟**

بێ گومان کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ناڕازیە بەو بەرنامەیە کە ئیدارەی نوێی ئامریکا دەیهەوێت بە دژی بیباتە پێش، ئەویش دەیهەوێت دژکردەوە نیشان بدات کە لەو دژکردەوانەدایە کە بەرخوردەکان دێنە پێشێ! بەرخورد مەبەستم ئەوە نییە کە حەتمەن دەبێت بە شێوەی نیزامی بێت، بەڵام ئەو بەرخوردانەی کۆماری ئیسلامی و ئەو پێداگریانەی لەسەر درێژەدانی بەرنامە غەڵەتەکانی لە مەنتەقە و لە دونیادا، دەتوانن ببنە هۆی ئەوەیکە دووبارە ترامپ لە نێو هاوپەیمانە ئۆروپاییەکاندا هاوپەیمان بۆ خۆی بەدەست بێنێت و بتوانێ لەگەڵ ئەوان زەخت بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران.

**لە پرسیاری پێشوودا باسم لەوە کرد کە ترامپ نەیتوانیوە پشتیوانییەکی ئەوتۆ بەدەست بێنێت بۆ بڕیارە نوێیەکانی، ئایا پێتان وایە وڵاتانی ١+٥ دووبارە لەبەرانبەر ئەم بڕیارەدا ڕابوەستن؟**

لە بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی بەرجام دەوەستنەوە، بەڵام لە بەرانبەر گەمارۆکانی دیکەی ئێران بەدەر لە بەرنامەی ئەتۆمی و بە بۆنەی ئەوەیکە سپای پاسداران هێزێکی تێرۆریستییەو جینایەت دەکا و دژایەتی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل هەر درێژە پێدەدات، دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە دەکا و نفووزی خۆی ڕۆژ بەڕۆژ پەرە پێدەدات، وڵاتانی دیکەی دونیا بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵی هاودەنگن. دەبێت ئێمە لێرەدا دیقەت لەوەدا بکەین کە مەسەلەی بەرجام لەگەڵ باقی سەرپێچییەکانی کۆماری ئیسلامی جیاوازیان بۆ داناوە، ئۆروپاییەکان نەزەریان وایە کە نابێ بەرجام هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەوانیش یارمەتیی ئامریکا دەدەن کە دەبێت ئیسلاح بکرێت. ئامانجی ئەسڵیش ئەوەیە کە ئەو قەرارداده کە لە زەمانی ئۆبامادا وا تەنزیم کراوە کە دوای ١٠یان ١٥ ساڵی دیکە کە باشم لە بیر نییە، ئێران دووبارە دەتوانێ یورانیۆم بپیتێنێتەوە و بە جۆرێک دەستی بگا بە چەکی ئەتۆمی، دەیانهەوێت وا ئیسلاح بکەن کە کۆماری ئیسلامی هیچ کات نەتوانێ دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگات، لەوەشدا ئۆروپاییەکانیش هاوکاری دەکەن، بێجگە لەوە باسەکەی دیکە دەکەوێتە سەر ئەو گەمارۆیانەی کە دەیانهەوێت بیخەنە سەر ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ باقی سەرپێچییەکان لە مەنتەقەدا کە باسم کرد.

**لە قسەکانی ترامپدا زیاتر لە ١٠ جار ناوی سپای پاسداران هات و وەزارەتی خەزێنەداری ئامریکاش ئابلۆقەی خستە سەر ئەو هێزە تیرۆریستیە، فەرمووتان کە ئەگەر ئەو بڕیارانەی ترامپ جێ بەجێ بکرێت، خەباتی خەڵکی ئێران و کوردەکانی خۆرهەڵاتیش ئەنجامێکی دەبێت، بەڵام ئەگەر کۆنگرێس بە پێچەوانەی ترامپ بڕیاری بدات، چ ئاکامێکی دەبێت؟**

ئەوەیکە تا ئێستا لەبەر دەستدایە و لە جەریاندایە، باسی لێ دەکەین. بڕێک زەحمەتە پێشبینی داهاتوو بکەین کە چی لێدێت، ئەوەی کە ئیستا لە گۆڕێدایە ئەوەیە کە بەپێی قانوونی ئامریکا، کۆنگرە دەبێت تاکوو دوو مانگی دیکە ئەو مەئمورییەتەی سەرکۆمار جێ بەجێ بکات تاکوو لەبارەی بەرجامدا نەزەری خۆی بڵێت کە ئایا کۆنگرە موافقە کە ئامریکا لەو ڕێککەوتنە بکشێتەوە یان نا. ئێستا ترامپ دەڵێت ئەگەر بەئەنجام نەگەین، یەک لایەنە ئیعلام دەکات کە لەو قەرارداده دێتە دەرێ ولە بواری قانوونیشەوە دەتوانێت ئەمە بکات. بەڵام پێم وابێ کارێکی دروستی کردووە کە ئەرکەکەی بە کۆنگرە سپاردووە بۆ ئەوەیکە هاوکاری کۆنگرەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. دوای ئەوەش چی لێدێ، ناتوانین پێشبینی بکەین. بەڵام بە پێی ئەو سیاسەتەی تاکوو ئێستا ترامپ ڕایگەیاندوە، پێم وایە لانیکەمی کارێک کە لە پێوەندی لەگەڵ قەراردادی بەرجامدا دەیکەن، ئەوەیە کە ئیسلاحی بکەن و ئەو خاڵانەی کە حکومەتی نوێی ئامریکا پێی وایە جێگای گومانە و دەرفەت دەدات بە کۆماری ئیسلامی کە لە داهاتوودا چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێت، ئیسلاح دەکەن تاکو نەتوانێت بە چنگی بێنێت، ئەگەر ئەوە نەبێت هەر وەکوو ترامپ وتوویەتی، ڕەنگە یەکلایەنە ئیعلام بکات کە لە ڕێککەوتنەکە دێتە دەر.

**سپای پاسداران ئابلۆقەی خرایە سەر، بەڵام ئەگەر بخرێتە نێو لیستی ڕەشەوە، خەباتی خەڵکی خۆرهەڵات بە کوێ دەگات یان ئاکامی خەباتی خەڵکی ئێران چی بەسەر دێت؟**

دەبێ مەسەلەی کۆماری ئیسلامی یەک پارچە لە نەزەر بگرین کە سپای پاسدارانیش بەشێکی بەهێزی ئەو ڕێژیمەیە. کاتێک ئەو ڕێژیمە لەژێر گەمارۆکاندا بێ، لاواز دەبێت و دەرفەتی خەباتی جیددیتر بۆ خەڵک بە دژی ئەو ڕێژیمە فەراهەم دەبێت. ڕێژیمی ئێران ناچار دەبێ دەست و پێی خۆی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی کە دەستتێوەردان لە وڵاتانی دراوسێ نەکات و شەڕ و ئاژاوە پێک نەهێنێت. ئەوانە هەموو بە قازانجی خەڵکی ناوچە و خەڵکی ئێرانە. ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدایە کە پێشوازیمان لەو بڕیارەی حکومەتی نوێی ئامریکا کردووە. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە ئەو بەرنامەیە و ئەو گەمارۆیانە ئەگەر هەمووشی بچێتە پێشێ، ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات ڕاوەستین و چاوەڕوان بین کە ئەو گەمارۆیانە کۆماری ئیسلامی بڕوخێنن. ئیمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەیکە بمانهەوێ لە دەرفەتی گونجاو کە لە داهاتوودا دێتە پێشێ، بتوانین یەکگرتوو و وشیار بین و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بتوانێ بە یەکگرتوانە خەباتی خۆی درێژە پێبدا دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دونیا بڵێ کە لەو ڕێژیمە نارازین و مافیان پێشێل کراوە و داوای مافی خۆی دەکات.

**بۆچی لە ستراتێژیی نوێی ئامریکادا جەخت لەسەر کێشەی ناوکی یان ڕێککەوتنی بەرجام دەکرێت، خۆ پێشێلکارییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیش هەن کە لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بۆ پێشوازی و پشتیوانی لەو ستراتێژییەدا باس کراون، بۆچی تەرکیز ناخەنە سەر ئەم بابەتانە و فوکووسی زیاتر لەسەر پرسی ناوکییە؟**

دیارە باس لەسەر بەشەکانی دیکەش دەکات، بەڵام ئەولەوییەت بۆ ترامپ و ئیدارەی نوێی ئامریکا هەتا ئێستا مەسەلەی بەرجامە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەرجام ڕێخۆشکەرە لە داهاتوودا پیتاندنی یۆرانیۆم بە مەبەستی بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی دەست پێبکاتەوە. ئەوەی کە لەو ڕێککەوتنەدا زەق بووەتەوە، مەسەلەی چەکی ئەتۆمیە. چونکە ئێستا هەموو دونیا و ئامریکا بە دەست کۆریای باکوورەوە داماوە کە بەردەوام مووشەکی قارەبڕ دروست دەکات، چەکی ئەتۆمیی هەیە و هەڕەشە لە ئامریکا و دونیا دەکا. بۆیە ئەوان نایانهەوێت کۆریایەکی دیکە دەستی بگا بە چەکی ئەتۆمی و پێش لەوەی دەستی بگا بە چەک، دەیانهەوێت وەزعیەتێکی وای بەسەر بێنن کە لاواز و ناتەوانی بکەن لە دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییەوە. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە و دەکاتە ئەولەوییەتی ئەو کێشانەی کە ئێران دروستی کردووە، مەسەلەی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیە کە ئەگەر وەدەستی بێنێت، مەترسییەکی یەکجار زۆر گەورە بۆ هەموو ناوچە، بە تایبەت بۆ ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا دێتە پێشێ کە یەک لەوان ئیسرائیلە.

**لە بەیاننامەی ئێوە وەکوو حیزبی دێموکراتدا هاتووە کە پێشوازی و پشتیوانی لە ستراتێژیی نوێی ئامریکا دەکەن! ئەوە بە چ واتایەکە؟ هەم پێشوازی هەم پشتیوانی!**

ئەو شتانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیکا و ئەوەیکە حکوومەتی نوێی ئامریکا باسی دەکا، چەندین ساڵە ئێمە باسی دەکەین، هاوارمان کردووە کە پێش بەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە بگرن، بەڵام بە داخەوە ئەو جۆرەی کە پێویستە، گرینگیان بە قسەی ئێمە نەدەدا، ئێستا کە ئەوان قسەکانی ئێمە دوبارە دەکەنەوە، سرووشتییە کە پێمان خۆش بێ. چونکە دەردەکەوێت کە ئەوانیش گەیشتوون بەو قەناعەتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نە تەنیا بۆ خەڵکی کورد و خەڵکی ئێران مەترسیدارە، بەڵکوو بۆ هەموو دونیا زەرەری هەیە. ئەو شەڕ و ئاژاوە و کێشانەی کە هەن، بەشێکیان دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وەکوو باسم کرد ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، دوژمنی کورد و باقی ئازادیخوازانی ئێرانیشە. بۆیە کاتێک دوژمنی ئێمە لەلایەن وڵاتێکی بەهێزەوە گەمارۆی دەخرێتە سەر، ئێمە دەرفەتی باشترمان بۆ دێتە پێش کە خەباتی خۆمان دژی ئەو ڕێژیمە بەرەو پێش ببەین، بۆیە شتێکی سرووشتیە کە ئێمە پێشوازی بکەین لەو بەرنامە و ستراتیژییەی ئامریکا.

**خاڵێکی جەوهەریی بەیاننامەکەی ئێوە، ئەوە بوو کە خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران یەک بگرن کە مەترسیدارترین دوژمنی کوردە، دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە، ڕای خەڵکیش لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە خەڵک یەکی گرتووە با حیزبەکان یەک بگرن! وەڵامتان بۆ ئەوە چییە؟**

ڕاستە لە مێژە خەڵك لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خوازیاری ئەوەن کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد یەک بگرن و لەو پێوەندییەشدا ئێمە لەمێژە دەرکمان بە زەروورەتی لێک نێزیک بوونەوە یان نەوعێک یەکگرتوویی لەگەڵ ئەو حیزبانەدا کردووە و کاری لەسەر دەکەین و لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی باش لەم پێوەندییەدا هەڵگیراون و هەر لەو ڕاستایەشدا کار دەکەین. لە لایەکەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان‌دا کە لە حیزبی دێمۆکرات جیا بوونەتەوە، لە وتووێژدایین و بەردەوام هەیئەتەکانمان یەکتری دەبینن، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش لە چاوپێکەوتن داین، تاکوو ئێستا هەندێ کاری هاوبەشمان لەگەڵ یەک کردووە کە بوونەتە هۆی لێک نێزیک بوونەوەی زیاتر. بێگومان ئەو چاوەڕوانییەی خەڵک بە تەواوی ڕاستە، کاتێک ئێمە باسی یەکگرتوویی خەڵک دەکەین، دەبێت بۆ خۆشمان دەستی پێ بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا لەگەڵ ئەو مەسەلەیە، ئەوەی کە لەسەر شانیەتی، بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتیەوە ئەنجامی داوە. هەرچەند کە بە هەموو ئامانجەکانی خۆمان لەو پێوەندییەدا نەگەیشتووین، بەڵام تەئسیری باشمان هەبووە لەسەر ڕەواندنەوەی نەوعێك بەدبینی، دووبەرەکیی و دووژمنایەتی کردنی یەکتر، بەڵام ئەوە کافی نییە و دەبێ زیاتریش هەوڵ بدەین.

**دوا وتەتان بە کورتی چییە؟**

جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە بۆ خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دووپات دەکەمەوە لەگەڵ ئەوەیکە هەر دەرفەتێک دێتە پێشێ، بتوانین کەڵک وەربگرین، بەڵام نابێ چاوەڕوان بین کە حکوومەتەکانی دەرەوە بێن کە کۆماری ئیسلامیمان بۆ بڕوخێنن یا کۆماری ئیسلامی وادار بکەن کە مافی ئێمە بدا، دەبێت بۆ خۆمان کاریگەر بین و ڕۆژهەڵات لە خەباتی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، دەبێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر تاکوو لە کۆڕو کۆبوونەوە نێونەتەوەیی و بڕیاردەرەکاندا حیسابی لەسەر بکەن و لە ئاڵوگۆڕەکاندا جێگای هەبێت؛ ئێمە هەتاکوو نەتوانین ببینە ئەو هێزە، ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لاواز و تەنانەت بڕوخێت، ئێمە ناتوانین ئامانجەکانمان کە ئازادی خەڵکەکەمانە، بە دەست بێنن. بۆیە نابێ لەبیر بکەین کە بەر لە هەر شتێک، دەبێت حیساب لەسەر هێزی خۆمان وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات بکەین و هەموومان پێکەوە بۆ ئەو مەبەستە کار بکەین، ئەوەش کاری حیزبێک یان دوو حیزب یان گرووپێک نییە، بەڵکوو کاری هەموو لایەکمانە.

# مەرگی نووسەر




ن: رۆلان بارت
و: رامان سۆفی سوڵتانی

بەشی یەکەم

باڵزاک لە چیرۆکەکەیدا بە ناوی "سارازین"، لە باسی ئەو خواجەیەدا کە جل و بەرگی ژنانەی پۆشیبوو، دەنووسێ: ئەو لە راستیدا هەر ژن بوو، بە فرمێسکەکانیدا کە هەر لە رێوە دەهاتنە خوار، ئەو خەون وخەیاڵاتەی هیچ ئەقڵ وئاوەزێکی تێدا بەدی نەدەکرا، دڵەکوتێ سرووشتیەکانی، ئازایەتی و هەڵچوون ودڵەراوکێ و سلۆکی ژنانەی..."؛

کێیە ئاوا دەدوێ؟ تۆ بڵێی ئەمە پاڵەوانی داستانەکە بێ کە دەیهەوێ چاو بنووقێنێ لەو ڕاستییەی کە ئەوە خواجەیەکە و لە جل و بەرگی ژنانەدا خۆی گۆڕیوە؟ بڵێی ئەمە باڵزاک هەر خۆی بێ بە ئەزموونەکانی خۆیەوە سەبارەت بە ژن؟ یانی ئەمە باڵزاکی نووسەرە خەریکە بۆچوونی " ئەدەبی" خۆی لە سەر "ژنێتی" بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو؟ تۆ بڵێی ئەمە درکاندنی حیکمەتێکی جیهانی نەبێ؟ یاخۆ دەروونناسییەکی رۆمانتیک؟

وڵامی ئەو پرسیارانەمان قەت بۆ دەرناکەون. لە بەرهۆکارێکی سەلمێندراو، ئەویش ئەوەیە نووسین یانی دارمانی یەک بە یەکی دەنگەکان و ئاخێزگەی نووسینەکەش بە گشتی.

نووسین، ئەو پانتا سڕ و تێکچنراو و خلیسکەیە کە بابەتەکەی بەر سەرنجمان لەوێدا لە دەست دەخزێ و دەدۆڕێ. پانتایەکی نەرێنی لە چەشنی گێژەنێک، کە هەموو جۆرە پێناسەیەک لەوێدا بزر دەبێ وسەر هەڵدانەوەشی هاوتەریب لە گەڵ پێناسەی هەیکەلی خودی نووسینەکە دەست پێ دەکاتەوە. سەرهەڵدانی پێناسە ودیاردەکانی خودی ئەو کۆمەڵە شتەی بڕیارە بنووسرێ.

بێ شک هەروا هاتووە وهەر واش دەبێ. ئەوەی راستی بێ ئەو دابڕانە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە بەسەرهات بە شێوەیەکی خۆبەخۆ، یانی بە دوور لە هەر جۆرە کارکردێکی دەرەکی، تەنیا بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەمزکان وهێماکان دێتە گێڕانەوە.( یانی نەک بە دەست تێبردنی راستەوخۆ بۆ سەر جیهانی دەرەوەی ).

دەنگ، سەرچاوەکەی خۆی بزر دەکا، نووسەر ئاوقای مەرگی خۆی دەبێ و نووسین دەست پێ دەکا. بەوحاڵەوە چەمکی ئەم دیاردەیەش جیاوازی تێکەوتووە. لە کۆمەڵگا ئیتنیکییەکاندا ئەرکی "گێڕانەوە" ناکەوێتە سەر شانی "تاکە کەسێ"ک. گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان پیشەی راسپێردراوێک ، جادووبازێک یان شایەتحاڵێکە. ئەویش نەک لە سۆنگەی "بلیمەتی "کەسەکەوە، بەڵکوو ئاستی " نواندنـ"ەکەی - واتە پسپۆڕی و لێزانی ئەو بە سەر رەمز و رازەکانی گێڕانەوەدا- یە کە دەکەوێتە بەر سەرنج و رێزی لێ دەگیرێ.

نووسەر کەسایەتییەکە ئەمرۆیی، بەرهەمی کۆمەڵگای خۆمانە. هەربۆیەش لە رەوتی سەرهەڵدانی لە جەرگەی سەدەکانی ناوەراستەوە، بە رێبازی ئەزموونخوازی ئینگلیزی وهزرخوازی فەرانسەوی وباوەڕهێنان بە بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی – واتە داشکانەوەی ئایین بۆ باوەڕی تاکەکەسی لە کۆمەڵگادا- توانی بایەخی تاکەکەس، بە واتایەکی گەورەتر،" خودی مرۆڤ" بدۆزێتەوە. جێی خۆشیەتی ئەگەر، هەر ئەم ئەزموونخوازییە کە پاڵاوتە و لووتکەی جیهانبینی سەرمایەدارییە، زۆرترین بایەخ دەدات بە خودی نووسەر. نووسەر بەردەوام بە سەر کتێبە مێژووییە ئەدەبیەکاندا، بە سەر ژیاننامەی نووسەران و دیمانەی گۆوارەکاندا حکوومەت دەکا. نووسەر ئێستاش بە سەر خودی وشیاری "قەڵەم بە دەستاندا-کە ئارەزوو دەکەن خۆیان و بەرهەمەکانیان لە رێگەی لەخۆدوان و گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیانەوە، لە یەک شەتەک بدەن- دەسەڵاتداری دەکا.
سیمایەکی کە لە نێو فەرهەنگی جەماوەردا، لە ئەدەبیات خۆ دەخاتە بەرچاو، دیمەنێکە کە بەشێوەیەکی چڕ و ملهۆڕانە بە سەر جەغزی نووسەردا، واتە خودی خۆی، ژیانی، حەز و سەلیقە و سۆز و خرۆشەکانیدا دەخولێتەوە. ئێستاش زۆربەی رەخنەکان هەر ئەو واتایە دەگرێتەوە کە: ئاکام و بەرهەمی کاری بۆدلێر، یانی نامرادی و جوانە مەرگی خودی بۆدلێر، کاری وانگۆک یانی شێتیەکەی و کاری چایکۆفسکی بەرامبەرە دەگەڵ رەزیلی و نەگبەتی چایکۆڤسکی.

لێکدانەوەی بەرهەمێک، هەمیشە لە ناو پیاوێک یان ژنێکدا کە خوڵقێنەری ئەو بەرهەمەیە، مسۆگەر دەبێ. هەر دەڵێی ئەم بەرهەمە - لە ڕێگەی بە تەمسیل کردنی - تا ڕادەیەک بێ گرێ و گۆڵی – نووسراوەی خەیاڵکردەوە - ئاکامی دەنگی کەسێکی تاقانەمان بە گوێدا دەچرپێنێ . دەنگی نووسەر، کە ئێمە بە "مەحرەمی ڕازی خۆی" دەزانێ.
هەر چەندە زاڵیەتی نووسەر بەردەوام بەتەواوی هێزیەوە خۆی دەردەخا. (رەخنەی نوێ جگە لە داسەپاندنی ئەو، ئەم زاڵیەتیە هیچی تری لە دەست نەهاتووە.) بەڵام حاشای لێناکرێ؛ گەلێ نووسەریش بوون زۆر لەمەو بەرەوە بێوچان هەوڵیان بۆ کاڵ کردنەوەی ئەم ڕەنگە زاڵە داوە.
لە فەرانسە، بێ شک مالارمە بوو بۆ یەکەم جار بە چاکی هەستی بەو پێویستییە کرد، کە دەبێ خودی زمان لە جێگای ئەو کەسە دابندرێ، کە تا دوێنێ بە خاوەنی زمانەکە دادەندرا. ئەو لە زووترەوە ئەو نیازەی هەست پێکردبوو. بۆ مالارمە و هەروەها بۆ ئێمەش ئەوە زمانە کە دەئاخوێ نەک نووسەر. نووسین لە سۆنگەی جۆرێک لە پێشکاری بۆ کەسایەتی سڕینەوە (هەڵبەت نابێ ئەمەمان لە گەڵ مژاری بابەتێتی دەست و پێ گری رۆماننووسی ریالیست لێ تێک بچێ) گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە زمان بە تەنیا خۆی کاریگەرە و "نواندن" دەکا نەک " من". سەرلەبەری بوتیقای مالارمە بریتییە لە دامرکانەوەی نووسەر لە پێناو نووسیندا.(دیارە ئەوەش بە واتای ئەوەیە دەیهەوێ خوێنەر بۆ پلە و ئاستی خۆی هەڵکێشێتەوە )

والری کە لە سۆنگەی دەروونناسی "خودەوە" دەست و باڵی گیرابوو، بە رادەیەکی بەر چاو ئاستی دەسەڵات و کارتێکردنی تیۆری مالارمەی نزم کردەوە. بەڵام ئۆگری مالارمە بە کلاسیزم وای کرد ڕوو بکاتە وانەکانی هونەری "بەیان". والری هیچ کات دەستی لە لۆمە و گاڵتە کردن بە نووسەر هەڵنەگرت.
والری شێلگیرانە جەختی کردە سەر سرووشتی زماناسانە (یان وەک دەڵێن سرووشتی بە مەترسی) کارەکەیی و لە پەخشانەکانی دا بەردەوام لایەنگریی لە بیچمی سەرەکی، کەلامیی بوونی ئەدەبیات کرد. کە لە بەرانبەر ئەمدا هەر جۆرە داڵدە بردنە بەر "دەروونـاوی بوون"ی نووسەری بێ یەک ودوو بە خورافە دێتە بەر چاو.

پرۆست خۆی، بە پێچەوانەی ئەو شتە دەوونناسیانەی کە بە ڕواڵەت وەک لێکدانەوەکانی ئەو سەیری دەکەن، بە راشکاوی و ئازایانە و هەروەها بەوپەڕی وردبینیەوە هەوڵی دەدا بۆ شێواندنی پێوەندی نێوان نووسەر و کەسایەتییەکانی نێو بەرهەمەکەی. بۆیەش لە بەرهەمەکانی پرۆست دا ئەو کەسەی کە چیرۆک دەگێڕێتەوە ئەو کەسە نییە کە دیویەتی و هەستی پێکردووە، تەنانەت ئەو کەسەش نییە کە لە ناوەندی نووسین دایە. بەڵکوو ئەو کەسەیە کە تەمایەتی بنووسێ. (ئەوەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە/بگێرەوە/ پیاوە گەنجەکەی ناو چیرۆکەکەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پیاوە کێیە و چەندساڵی تەمەنە؟ دەیهەوێ بنووسێ بەڵام ناتوانێ. رۆمان لەو شوێنەوە دەست پێ دەکا، کە نووسین مسۆگەر دەبێ.) پرۆست لە راستیدا حیماسەی نووسینی نوێی خوڵقاند. ئەو لە کوێن گێڕانەوەی ژیانی خۆی لە دوو توێی رۆمانەکەیدا(وەک ئەوەی زۆربەی جار وای بۆ دەچین) لە بنەڕەتدا بە لایەکی پێچەوانەدا هەنگاوی نا و دەقاودەق ژیانی خۆی کرد بە بەرهەمێک ، کە لە کتێبەکەیدا خۆ دەردەخا. بەو پێودانە بۆمان دەردەکەوێ کە شارلۆس لاسایی مونتسکیو ناکات ومونتسکیوش- لەواقعی حیکایەتی و مێژوویی خۆیدا- بەدەر لە بوونێکی دووهەمیی نییە کە ئەویش لە شارلۆسەوە سەرچاوەی گرتووە. لە کۆتاییشدا بێ ئەوەی پێویست بکا پشوومان لەم" پێشمێژوویی نوێخوازیە" زیاترهەڵکێشین، دەبێ ئاوڕێک لە سوررئالیسم بدەینەوە. هەرچەندە سوررئالیسم نەیتوانی ئاستێکی بەرزو شیاو بۆ زمان قاییل بێ.[زمان سیستمێکی بەرهەم هاتوو لە ڕەمزەکانە و ئامانجی ئەم بزووتنەوەیەش، رۆمانتیکانە خاپوورکردنی راستەوخۆی رەمزەکان بوو. ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە خەیاڵێکی خاو بەدەر نەبوو. چونکە رەمز بۆی نییە خاپووربێ. رەمز تەنیا دەکرێ "بخرێتەوە گەڕ"). بەڵام هەر چی بێ توانی لە هێنانە خواری ئاستی پیرۆزێتی سیمای نووسەردا کاریگەر بێ .

سورئالیسم ئەم ئەرکەی بە پێشنیارە یەک لە دوای یەکەکانی خۆی، لە پێناو تێک ڕماندنی لە ناکاوی خواستەکان لە مانا (هەمان چەمکە بە ناو بانگەکەی – هەژان- لە سوررئالیسمدا)جێ بە جێ کرد. ئەویش بە سپاردنی ئەرکی نووسین بە حاڵەتێکی وا کە لە خۆڕا و بە پڕتاو دەست بکەی بە نووسین. (ئەو شتەی کە ئاوەز خۆی لێی بێ خەبەرە-بە دەست وبە بڕوا هەبوون بە ماک وئەزموونێک لە سەر بنەمای نووسینی هاوکات و لە گەڵ یەکتر، لە سۆنگەی چەند کەسەوە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No:711 22 oct 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia




# محەممەد نەزەری:
# چونکە بێکەسم بەتەنیا جێم مەهێڵن



محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسی کوردی دەسبەسەرکراو لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج، پاش ٨١ ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، نامەیەکی بڵاو کردەوە.

**دەقی ئەم نامە بەم چەشنەیە:**

بێکەسترین زیندانیی ئەم شارەم! شارێک کە ئاوێتە بە ناوی زیندانەکەی بووە، بەداخ و سەرسووڕمانەوە ٨١ ڕۆژ لە مانگرتنم تێدەپەڕێت، بەڵام هیچ گوێیەک بیستراو و دەستێکی یارمەتیدەر بۆ من بە دی ناکرێت.

من محەممەد نەزەریم، ٢٤ ساڵە لە پشت دیوارەکانی زیندان لە شاری مەهاباد هەتا ورمێ و زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج و هەر ڕۆژ بێکەستر و تەنیاتر لە جارانم، باوک و دایک و براکەم ڕەوانەی گۆڕستانی شاری بۆکان کران و جگە لە ئێوەی خەڵک، کەسێکی دیکەم نییە، ٨١ ڕۆژە لە مانگرتنم لە خواردن دەگوزەرێ، مانگرتنێک بۆ داواکارییەکی سادە، داواکاری من نە ئازادییە و نە هاتن بۆ مورخەسییە، بەڵکوو بەڕێوەچوونی یاسایە، یاسایەک کە بە بەڕێوەچوونی دەبوو چوار ساڵ و نیو پێش ئێستا ئازاد دەبووم، بەڵام دەستە نادیارەکانی دەسەڵات و ئەمنییەت لە بەڕێوەبردنی ئەم یاسا (ماددەکانی ١٠و٩٩و١٢٠و٧٢٨ لە یاسای سزای نوێی ئیسلامی) بۆ من بوونەتە لەمپەر، ئێستا پاش ٢٤ ساڵ لە زیندان لە کاتی تەنیایی و بێکەسیدا هیچ ڕێگایەکی دیکە بێجگە لە مانگرتنم بۆ نەماوەتەوە.

لە کوێن خەڵکینە؟

لەبەر بێکەسییەکەم بەتەنیا جێم مەهێڵن، جیاوازی من و ئارش سادقی کە زیاتر لە ٧٠ ڕۆژ برسیەتی ئەزموون کرد چییە؟ جیا لەوەیکە ئەو باوک و هاوسەر و ئیوەی لەگەڵە، بەڵام من هیچ کەسێکم نییە، باوک و دایک و براکەم چەندین ساڵە لە گۆڕستانی بۆکان نووستوون و منیش تەنیا دەستی یارمەتیدەرێک کە بیناسم ئێوەن کە جێگەی هیوا و پاڵپشتی منن.

یارمەتیم بدەن، یارمەتیم بدەن تاکوو دەنگم ببیسترێ کە لە ئێستادا جگە لە "مەرگ" بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری زیندان و مانگرتن هیچ شتێکی دیکە شک نابەم.

یارمەتیم بدەن بۆ گەیشتن بە مافی یاسایی ئازادی کە لە منیان زەوت کردووە، ئەگەر جگە لەمە بێت درێژە بە مانگرتنەکەم دەدەم تاکوو بە مردن بگەمە گۆڕستانی بۆکان کە جگە لەوێ هیچ کەسیکی ترم نییە.

**محەممەد نەزەری**
**چوارشەممە ٢٦ی ڕەزبەر**
**زیندانی ڕەجایی شار**

# لێبووردنی نێونەتەوەیی:
# محەممەد نەزەری بە بێ مەرج و بە زووترین کات ئازاد کەن




ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی داوای ئازاد کردنی بێ مەرجی محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج دەکات.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی دژ کردەوەی لە هەمبەر باری جەستەیی محەممەد نەزەری نیشان داوە و زیندانی کردنی ناوبراوی بە "نادادپەروەرانە" لە قەڵەم دا.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاند: زیندانی عەقیدەتی، محەممەد نەزەری کە زیاتر لە دوو دەیەیە دەستبەسەر کراوە و لە زیندان دایە و ئێستا لە دەستبەسەرییەکی نادادپەروەرانەدا دەژی و بۆ چارەسەری پزیشکی پێویستی بە نەخۆشخانەیەک لە دەرەوەی زیندان هەیە.

ئەو ڕێکخراوە لە بەشێکی دیکە لە بەیاننامەکەیدا باسی لەوە کردووە: "تەندروستیی محەممەد نەزەری، زیندانیی عەقیدەتی ٤٦ ساڵە کە نیوەی زیاتری تەمەنی خۆی لە زیندان دابووە و ئێستا بە هۆی مانگرتن لە خواردنی درێژ خایەن، دۆخی جەستەیی بە شێوەیەکی مەترسیدار کەوتووەتە مەترسییەوە. محەممەد نەزەری لە ٨ی گەلاوێژ، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر زیندانی کردنی نادادپەروەرانەکەی و خۆپاراستنی بەرپرسانی قەزایی لە لێڕوانینەوەی دووبارەی حوکمەکەی دەستی دایە مانگرتن لە خواردن.

ئەو حوکمە لە دەیەی ٧٠ و دوای ڕەوتێکی قەزایی زۆر نادادپەروەرانە و زۆرتر بە هۆی لایەنگریی ئاشتیخوازانەی ناوبراو لە ئامانجە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درکراوە. محەممەد نەزەری لە ماوەی مانگرتنەکەیدا ٢٥ کیلۆ لە کێشی خۆی لە دەست داوە و ڕادەی هەڵکشانی خوێنی ناوبراو چەندین بار هاتووەتە خوارێ و لە باری جەستییەوە زۆر لاواز بووە، بە شێوەیەک کە ناتوانێ قسان بکا و بە ڕێگادا بڕوات.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی جەختی کردووەتەوە کە محەممەد نەزەری بە هۆی چەندین نەخۆشی دیکە وەک نەخۆشی دڵ ئازار دەکێشێ و پزیشکانی زیندان زۆر لەوە پێش هوشداریان داوە کە ناوبراو پێویستی بە پزیشکی پسپۆڕ لە دەرەوەی زیندان هەیە و بەو حاڵەشەوە بەرپرسانی زیندان گوێ بە داواکاری ناوبراو نادەن. محەممەد نەزەری گوتوویەتی تا کاتی مردن ئەو مانگرتنە درێژە پێدەدەم، مەگەر ئەوەیکە بەرپرسان جوابی داواکارییەکانی یەک لە دوای یەکی ناوبراو بۆ پێداچوونەوەی دادپەروەرانە بە دۆسیەکەی بدەنەوە.

محەممەد نەزەری ماوەی ٨٥ ڕۆژە، کە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن و داواکاری ئەو زیندانییە سیاسییە، قەبووڵ کردنی داوای "گەڕانەوەی دادڕەسی" (اعادە دادرسی) بەپێی یاسای سزادانی ئیسلامی نوێیە کە ساڵی ١٣٩٢ دەرچووە.

لە ئەگەری بەڕێوەچوونی یاسای سزای ئیسلامیی نوێ، زیندانی هەتاهەتایی محەممەد نەزەری بۆ ١٥ ساڵ کەم دەبێتەوە.

ئەو زیندانیە سیاسیە ٢٤ ساڵە بە بێ مەرەخەسی لە زیندان دایە، پێداچوونەوەی دووبارە، بەپێی یاسای سزادانی ئیسلامیی نوێ ئازادی ناوبرا مسۆگەر دەکات.

محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسی کورد، خەڵکی شاری "ساین قەڵا"، ڕۆژی ٩ی جۆزەردانی ساڵی ٧٣ی هەتاوی، لە لایەن مەئموورانی ئەمنییەتیی سپای ئەبووزەری شاری بۆکانەوە دەستبەسەر کرا و هەتا ئێستا لە مافی هەر جۆرە مورەخەسییەکی یاسایی بێبەرییە.

ناوبراو یەکێک لە کۆنترین زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانە کە تەنیا بە تۆمەتی هەواداری و پاگەندە بۆ حیزبێکی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئیسلامی ایران دەسبەسەر کراوە و لە دادگایەک، کە بە بێ بوونی پارێزەر و بە سەرۆکایەتی قازی جلال زادە، سەرۆکی دادگایی ئینقلابی شاری ورمێ بە ئیعدام مەحکووم کراوە.

ئەو هاووڵاتییە سەرئەنجام ساڵی ١٣٧٨ حوکمی لەسێدارەدانەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا و هەتا ئێستا لە زیندانەکانی ورمێ و ڕەجایی‌شاری کەرەج لە دەسبەسەری دایە و لە مافی چوونە مەرەخەسیی بێبەرییە.

محەممەد نەزەری، کۆتاییەکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩١ بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە مانەوەی دوو دەیە لە زیندان، لێوەکانی خۆی دووری و هاوکات بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت.

ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەشەممەی ١٣٩٥ی هەتاوی، دادستانی ڕێژیمی ئێران بە ناردنی نامەیەک بۆ محەممەد نەزەری زیندانیی سیاسی لە گرتووخانەی ڕەجایی‌شاری کەرەج، دژایەتی خۆی بە لێبوردنی ناوبراو دەربڕی.

# RMMK سەبارەت بە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی باشووری کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە




ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، داوای لە تەواوی ویژدانە نەنووستووەکان لە جیهاندا کرد کە هەڵوێستی جیددی و کردەیی لە هەمبەر پرۆسەی سەرکوتکەرانەی دەوڵەتی عێراق و پێشگرتن لە کوشتاری دووبارەی بە کۆمەڵی خەڵکی باشووری کوردستان هەڵبگرن.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکخراوی دادکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان گەمارۆی ئابووری، نیزامیی و ئەمنییەتی خەڵکی کوردستان بە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان دەزانێت.

لە بەیاننامەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان داهاتووە: پاش هێرشی هێزە چەکدارەکانی عێراق و هاوپەیمانان و هاوکارانی ناوچەیی ئەوان لە ناوچە کوردنشیینەکانی "باشوور"ی کوردستان، دەیان هەزار کەس لە هاووڵاتییانی کورد لە شاری کەرکووک، دۆزخۆرماتوو، خانەقین، ناوچەکانی شەنگاڵ و ناوچە کێشە لە سەرەکان بابەتی "ماددەی ١٤٠ی یاسای فیدراڵ" لە باشووری کوردستان، ناچار بە جێهیشتنی ماڵ و حاڵی خۆیان بوون و ئاوارە بوون.

خەڵکی باشوور بە کورد و کەمایەسییە نەتەوەیی و ئایینەییەکان بە تایبەتی عەرەب و تورکمەنەکانی دانیشتووی کوردستان لە ٢٥ی دیسامبێری ڕابردوودا، لە ڕێفراندۆمێکدا بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس و داهاتووی سیاسی خۆیان چوونە سەر سندووقی دەنگ دان دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان هەوڵەکان و پرۆسەی باس کراوە و گەمارۆی ئابووری، نیزامیی و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان بە سزای بە کۆمەڵی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان دەزانێ و داوا لە ویژدانە نەنووستووەکانی جیهان دەکات لە بەرانبەر ئەنفاڵ و ژینوساید و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی باشووری کوردستان بێ لایەن نەبن.

# گیان لە دەستدانی کاسبکارێکی کورد بە تەقەی هێزە نیزامییەکان

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کاتژمێر ١٠ی شەوی ڕابردوو، ٢٩ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە شاری سەردەشت ژمارەیەک لە کاسبکاری کوردیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامی ئەو تەقە کردنەدا کاسبکارێکی کورد گیانی لە دەست دا.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری سەردەشت شوناسی ئەم کاسبکارە کوردەی "پشتیوان موعین" تەمەن ٢٣ ساڵ کوڕی "ڕەحمانە سوور" خەڵکی گوندی "گەوڵان" لە ناوچەی بێتووش ڕاگەیاند.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: هێزە نیزامییەکانی جێگر لە پاسگای بێتووش ژمارەیەک لە کاسبکارانیان داوەتە بەر دەستڕێژ و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ١٤ کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئەم پاسگایە گیانیان لە دەست داوە.

پاش کوژرانی ئەم کاسبکارە کوردە، بنەماڵەی موعین تەرمی کوڕەکەیان بردووەتە بەر فەرمانداری شاری سەردەشت و داوای سزادانی تاوانباران و بکوژی کوڕەکەیان کردووە.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵ، ١٢١ کۆڵبەری کورد لە ناوچەکانی کوردستان بە تەقەی هێزە ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و کوژراو و بریندار بوون.